**جوڵانەوەی(١٩٦٧ و ١٩٦٨ ز)**
**(١٣٤٦و ١٣٤٧ی هەتاوی)**

کۆمەڵێک زانیاری، یادداشت، بیرەوەری و بەڵگەنامە




وێنە: لە ڕاستەوە بۆ چەپ
مەلا ڕەسوڵ، شەهید مەلا ئاوارە، مەلا حەسەن ڕستگار، سەعید گوێستانی(کاوە)، شەهید خەلیل شەوباش، کاک حوسێنی حاجی برایمی قەڵادزە، شەهید سەید فەتاحی نیزامی، کاک حوسێن مەدەنی، ؟، .

نوسینی: مەلا ڕەسوڵ پێشنماز2021/09/05
پێداچونەوەو نوسینەوە بە شێوەی pdf گوڵاڵە پێشنماز

**پێشەکی**

ئەو بابەتە کە دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەرانی ئازیز بەرهەمی زیاتر لە چەند مانگ ماندوبوون و هەوڵوو تێکۆشانی منە و بۆ بابەتو لێکۆڵینەوە لە سەر جوڵانەوە بەسەر داسەپاوەکەیساڵانی ١٩٦٧و١٩٦٨ ی زاینی، کە لەلایەن زۆر کەس و سازمانی سیاسیەوە بە غایەی تایبەتی و بۆ مەبەستی بە لاڕێدابردن و شتی ناڕاستیان وەپاڵ

جوڵانەوەو شەهیدەکانمان داوە، ئەمن هەتا ئەو جێگایەی بیرم بڕیبیەتی و مێشکم هاوکاری کردبم بەشی هەرە زۆری ڕووداوەکان چۆنی بوون بە بەڵگە و وێنەکانەوە وەک خۆی وێنام کردوون بەبێ زیادوو کەم، لەو کاتیش دا ئەوەی وەک تەشکیلاتی سیاسی دیفاعی ڕاستەوخۆوبەهەقی لە ئێمە کردبێ تەنیا حیزبی شیوعی ئێراقی بوو کە لەسەرمان وەجواب دەهاتنوو بەدزیەوەش یارمەتی بریندارەکان و لەباری مەعنەویشەوە تا توانیویانە هاوکاریان کردووین بەڵام بەداخەوە ئەوانیش ئیمکانو دەستەڵاتێکی بەرچاویان نەبوو.



هەژاری شاعیر- هێمنی شاعیر- مەلا رەسوڵ – پ.م/ سلێمان
گوندی بیخوڵان – ئیزگەی رادیۆی دەنگی شۆڕشی ئەیلول ساڵی 1967

ئەدیب و شاعیرو نوسەرەکانیش تەنیا ماموەستا هێمن و خالید ئاغای حیسامی بە نووسین و هۆنراوە نەزەری خۆیان دەربڕیوە، ماموەستا هێمن زۆر دواتر لە هۆنراوەیەک دا بەناوی مەتەرێزی شەرەف کە دەڵێ

******************************************

لێرەش لە ناو شۆڕشی خوێناویدا
لێرەش لەسەرکەوتنوو تەنگاویدا
لێرەش لەناو ئاگرو ئاسنی دووژمندا
لێرەش لەناو مەتەرێزی شەرەفدا

خۆشەویستم لەبیرم ناچی تاوێ
دەمفڕێنێ باڵی خەیاڵم تاوێ




ئەم وێنەیە لە بناری قەندیل، گوندی مارەدوو گیراوە. دانیشتووان لە ڕاستەوە: ڕەسووڵی پێشنەماز، مامۆستا هێمنی موکریانی، حەسەنی ڕەستگار، سەید ڕەسووڵی ورچان، حاجی ئەحمەدی ددانساز. ڕاوەستاو لە ڕاستەوە: مەلا عەبدوڵلای حەیاکی، کەریم نەستانی و کەریم حەدداد.

دیارە هۆنراوەکە زۆر درێژە هەر توانیم ئیشارە بە وەندەی بکەم. بەڵام کاک خالید ئاغا دەجەنگەی کارەساتە یەک لەدوای یەکی شەهیدەکانمان زۆر بە وردی و بە دورودرێژی باسی تەواوی ڕووداوەکان و شەهیدەکان دەکاو هەست و ئیحساسێکی زۆر دڵسۆزانەو جوانمێرانەو وڵات پارێزانە دەردەبڕێ




تەواوی ئاگاداریەکەشی بۆخۆم بۆم نوسیبو بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لەوکاتی دا لە گوندی سەرگەینەڵی بناری قەندیل کە ئێمە زۆر لەبرادەران وەک کاک ئەمیری قازی

و کاک حەسەنی ڕەستگارو نەمر کاک کەریم حەداد وزیندە یاد کاک جەماڵی حاجی محەمەدی قەڵڵادزە ناسراو بە سوارە قەڵادزەیی و بۆخۆم و زۆری دیکە میوانی شەهید سەید ڕەسوڵی بابی گەورە بوین، خالید ئاغا لەسەر شتێکی زۆر چکۆڵە زۆر خەراپ بەسەر کاک سەید ڕەسوڵ دا ڕووخاو بەهۆی ئەوەی کە کاک سەید ڕەسوڵ ماڵی خۆی بوو هیچی نەکوت و خالید ئاغاش وازی لێ نەدەهێنا و منیش هەردوکیانم بە دۆستی زۆر نزیکی خۆم دەزانی و هەموشمان لێمان ڕوون بوو کە خالید ئاغا ناهەقە و لەخۆرا بەزمی بە سەید ڕەسوڵ گرتووە. برادەرانیش تورەبونەکانی من دەزانن ئەو چی بە کاک سەید ڕەسوڵ کرد بە ناهەق من دە هێندەم بە خالید ئاغا کرد بەهەق هەر دوای ئەوە دیوانەکەی بە هاوکاری ماڵێ بارزانی چاپ کرد و ناوی منی لێدەرهاویشتبوو، بەهۆی ئەوەی کە هەڵوێستەکەی لەوکات و ساتە ناسکەدا زۆر ئازایانەو بوێرانە بوو یەک تۆزقاڵ لێی دڵمەند نەبووم و پاشان زۆر زوش ئاشت بوینەوە. لێرەدا ئەو چەند وێنەو نمونە و کۆپلە لە هەڵوێستە مەردانەو دڵسۆزانەکەی دەخەمە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێز بۆ ئەوەی بەر چاوڕوونی هەبێ لەنێوان ئەو کەسانەی کە دە ڕۆژە تەنگانەکاندا کەسانی وەک خالید ئاغاش هەبوون هەرچەندە زۆریش لە بارزانی و کوڕەکانی نزیک بوو یەکجار زۆریشیان ڕێز لێدەگرت و ئەویش ئەوانی بە دڵوو بەگیان خۆشدەویست، بەڵام بەرانبەر بەو غەدرانەی کە لە ئێمەیان کرد نەیتوانی وەک هەژار سەر داخاو شتی ناڕەوا و دوور لە ڕاستی بۆ برادەرانی ئێمە هەڵبەستێ و بەوپەڕی شەهامەتەوە باسی یەک یەکی شەهیدەکانو دڕندەیی ئێران وجێگای شەڕەکان دەکات. لێرەدا ناتوانم شینی هەڤاڵان کە لە کتێبی کاروانی خەیاڵ دایە هەمووتان بۆ بنوسمەوە تەنیا لەسەر یەک یەکی شەهیدەکان و چەند نمونەیەکی چۆنیەتی شەهید بونیان دێنمەوە. لە لاپەڕە ٢٤٦ دا ئاوا دەنوسێو هۆنراوەیەکی زۆر گرینگ بە ئومێدی دواڕۆژەوە دەنوسێ و دەڵێ دۆستایەتی شۆڕشی ١١ ی ئەیلول و ئێران ببوە هۆی زەحمەت و چەوسانەوەی کوردەکانی تری دەرەوەی عێراق لەوڵاتی خۆیاندا کەبە پشتیوانی و پشت ئەستوری ئەو شۆڕشە هەستی نەتەوایەتیان دەرئەبڕێ و هەروەها ببوە هۆی نالەباری وەزعی کوردە ئاوارەکانی ئێران لەدەرەوە ئەویش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی شۆڕش کە ئەوکاتە تەنیا هومێدو ڕوناکی هەموو گەلی کورد بوو.



ئەم وێنەیە لە بناری قەندیل لە گوندی مارەدوو گیراوە.
ڕاوەستاو لە ڕاستەوە: سەید ڕەسووڵی ورچان و شاعیری ناسراوی کورد خالید
ئاغای حیسامی ناسراو بە مامۆستا هێدی.
دانیشتووان لە ڕاستەوە: ڕەسووڵی پێشنەماز و مەلا عەبدوڵڵای حەیاکی.
لەوکاتدا مەلا عەبدوڵڵا مەلای گوندی مارەدوو بوو.


بەشێک لە هۆنراوە بەپێزەکەی (شینی هەڤاڵان)

************

سەرەڕای ئەوهەموو زولمە سەختە
من لەلام ڕێگە هەتا سەر تەختە
ڕۆژێ دێ خەنجەری گەل ڕادەوەشێ
زوێڵە چەرمی لە هەژار دادەبەشێ
ئەوە دەرسێکە ژیان پێی داوم
لە ژیان نابێ بترسێ چاوم
مێژوو ڕێی خۆی دەبڕێ ناچێتەوە پاش
ناچێتەوە بن سەوەتەی بەرخی هەراش

چەرخ ئەگەر ئێستە دژی مە دەگەڕێ
لاپەڕێکی ڕەشە زوو وەردەگەڕێ
*****************************

یەکەم شەهید نحۆ پاشایی بوو کە بە باپیر شکاک ناوزەد دەکرا لە مانگی جۆزەردانی ١٩٦٧ی زاینی دا لە شوێنێک بەناوی گڵەخڕی لە گوندی ساکا لەگەڵ مەلا سمایلی فەقێ یسێ و ڕەزای مامی و فەیروزی برای ناجی خوشکەزای شەهد کران، مام هێدی باسی شوێنەکەیان و شێوەی شەڕەکەو ئازایەتیان دەکا.



دەزرنگێتەوە ئیستەش کوێیان؟

خوێن دە چۆڕێ لە دڵی توێ توێیان؟

هەر ڕەشاش دەبنە کەوی بن بەردان؟

قرمەیان دێ هەڕەتی "جۆزەردان"(١)؟

ئێستە هەستانی سبەینانە لە"خەو"(٢)

بە تەقەی بڕنوە یان قاسپەی کەو؟

هێشتە هەر خوێن دەمژن دەبنە گەنە؟

کۆنە ژاندارمی دزی دەس بەخەنە؟

چەتە بۆ کوشتنی وان چی پێیە؟

گۆڕی"باپیر"ی شەهید لە کوێیە؟

---

مانگی جۆ زەردان لەبەرە بەیانێك دا جاش و ژاندرمە دایا

باپیرو هەڤاڵەکانیدا کە هێشتە لەخەو دابون و ئەوانیش پیاو

هاتن و لە تەقەی یەکەم دا شەهید باپیر زۆری لێ کو

لێرەڕا دێتە سەر بنەماڵەی موعێنیەکان و باسی میرزا محەمەدئەمین موعێنی بابی شەهد سولمان دەکاو شینی لەگەڵ دەگێڕێ.



وێنە: شەهید سولێمانی موعێنی (فایق ئەمین)

هەست [illegible] ئەو ڕێ دورە؟

گەلێ پێیانەوە پشت ئەستورە؟

"کاکەمین"(١) ئەو سەرو بەندەی چۆنە؟

دڵی سوتاوی دەکا سەر کۆنە؟

داخۆ سارێژ نەبوە کۆنە برین؟

گەرمە شینێ گەلێ فرمێسکی وەرین؟

بە هەموو هەستەوە شینی گێڕا؟

یان لەبەر دوژمنەکەی نەی وێرا؟

کوڕەکانی بە فیدای کورد کردن

باجی خوێن بو لەسەری لابردن؟

بەرهەمی عومری درێژی، نانا

گەوهەری ژینی لە ڕێی گەل دانا

---

(١) ...حمد ئەمین معینی: باوکی شەهید سولەیمان و شەهید عبداللەی قارەمان.

لێرەشدا باسی شەهید بوونی مەلا محمود زەنگەنەو هەڤاڵەکانی دەکا.



بگرم شوێنی مەلا مەحمودی
ون نەکەم خوێنی "مەلا مەحمودی"
دڵ کە تینوش بێ نەتینوی ئاوە
چاوی خۆم چی کەمە لەو سەرچاوە
بچمە ناو سەنگەرەکەی بڕوانم
شوێنی ڕاسانی چلۆنە بزانم
دەستێ بە برینەوە دەستێ بە تفەنگ
چۆنی جێگا بەعەجەم کردبو تەنگ
چۆن دڵی دوژمنی هێنا ژانێ
دەست و بردی کوڕی لێ قەومانێ
چەند بە مێرانی پەلاماری دەبرد
چەند بە پاکی دەبەر ئەو خاکە دەمرد
ئەو کە نەی سێشت لە چەتان هیچ دەرچن
دوایە چۆن دەرفەتی هێنا دوژمن(١)

١)- شەهید مەلا مەحمود لەو شەڕەدا دوژمنی شکاندو زۆری لێ کوشتن و
... کەی دوژمن

لێرەشدا دێتە سەر باسی شەهید بونی عەبدوڵای موعێنی ومینەشەم لە نزیک گوندی قالوێی گەورکان.



هەست ئەکەم لێرە لە دەوروبەری دێ
جێی هەڤاڵانی تری پێ شك دێ
مەتەرێزێکی ترە لەو ناوە
لەو گڵ و دۆرە ئەوێی هەڵناوە
دەگەڕێ جار لەسەری جار لە بەری
هەڵی پێچاوم و دەم باتە سەری
پشتی دڕکاوی‌یە پێشی لێژە
تەم و مژ!(١) لێ گەڕێ جێی دەس ڕێژە
چۆڵگەیە، زورکەنە، شوێنی چاڵە
باوەشی ماوەتەوە ئاواڵە
سەنگەری "مینە شەم" و "عەولاْ"یە(٢)
داخەکەم دەنگی کەسی لێ نایە
لەسەری بۆیە خەیاڵ شێوابو
بوە هەودایەك و تێك هالاْ بو
وا نە ئارامی هەبو نە سرەوتن
زۆر تریش زۆری ئە هێنا...

لێرەدا باسی شەهیدان سەید فەتاحی نیزامی و فەقێ عەلی وەرگێلی و پیرۆت و عەلیە گەلەو دەرویێش عوسمان دەکا کە لە شاخی حاجی کێمی لە نزیک گوندی قەرەگوێزی سەر بە مەڵبەندی بۆکان شەهید بوون.

سەیرە وا هەڵ کەوێ ئەندام و لەش
قێسی وا زەرد لەسەروی"چاوی ڕەش"(١)
داخۆ هەر داڵدەیە(٢) بۆ ئاواران
باوەشی گەرمی هەیە وەك جاران
هەر بە شانازی‌یەوە لێی دەدوێن
باوی باڵان دەدەن و بۆی دەخوشێن
دیمەنی چۆنە وەکو خۆی ماوە؟
یان ئەویش پێ چوە تێك چڕژاوە
داخۆ ئێستەش هەمو ڕۆژێ لە نوێ
دەنگی"پیرۆت"و"عەلی"ی(٣)دێتە گوێ؟
لەو هەرێمە خەوی ئارامی شەوێ
بە تەقەی "سەید فەتاح"ی دەڕەوێ؟
داخۆ دوژمن کە بەدوی‌دا دەکشا
خەنجەری"عەلیەگەلە"ی چۆن دەوەشا؟

...بۆکان، دڵیو کرییە.

لێرەشدا باسی شاخی گوێزە کوێرە دەکا کە کەوتۆتە تەنیشت گوندی نەستانێی گەورکایەتی، بەداخەوە لەوێ دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی حاجی پاراستی و حوسێن خاتون کە دە غوڕابی خەودا شەهید کران و کێشکچیەکەش هەڵدێ.



# شاخی گوێزە کوێرە

لەوچەمە با لە دەراوێ بگەڕێم
بازێ باوێمەوە ئەو بەر وەپەڕێم
سەرخەوێك بەرمەوە"گوێزە کوێرە"(١)
"خەوی بێوادە"(٢) بە چاوم فێرە
شارەزام گەرچی گەلێك لەو ناوە
زۆر کەسم لێ بە تەماڵ هەڵناوە
لەو چیایە گەلێ جارم دیوە
جاش و ژاندرمە دەخوێن گەوزیوە
لێرە زۆر جار چەتەیان بۆ هاتون
"حاجی پاراست"و"حوسێنی خاتون"

گوندی نستانێ.(٢)-

لێرەشدا باس لە شەهید بوونی پێشمەرگەیک دەکا بە ناوی عەوڵاناسر کە لە ئەشکەوتی خەزاڵی نزیک گوندی ئاڵوەتان لەگەڵ مەلا قادری لاچینێ دەکەمین دەکەون و مەلا قادر لە یەکەم تەقە هەڵدێ و عەوڵا ناسریش کە بە عەوڵا گڕوێ ناسرابوو هەتا شەهید دەبێ شەڕ دەکا.

کەچی بەو حاڵەوە چی بێتە گوێ

ئەویش ئەیڵێتەوە بۆت سەر لەنوێ

هێشتە هەر ئەی لێ کە"عەولاناصر"

پێی لە خۆ بوردنی نا ناو ئاگر

کاتێ وا دەستی لەژینی خۆی شوت

چەند بە سەربەرزی دەمردو دەی گوت

حەزدەکەن نەبنە مەکۆی داخ و دەرد

پشت مەبەستن بە"هەڤاڵی نامەرد"(٢)

* * * * * *

٢)- عەولاّ ناصر لەو سەفەرەدا هەڤاڵێکی دەگەڵ بو بەناوی "مەلا قادر لاچی
... هەلات و عا

لێرەشدا باس لە شەهید بوونی سمایل شەریفزادە و محەمەدی ئەستی مەنگوڕ و حوسێن ڕابی و عەلی عەولا کۆڵی دەکا لە گوندی دارینە، بە پیلانی کوێخا شەریفی جاش و خۆ فرۆش بریندار کران و پاشان بە برینداریەوە هاتنە چۆمی کۆدەڵ و لەوێش جاشو ژاندارم هاتنەوە سەریان و شەهیدیان کردن.



ئیسماعیل شەریف زادە - مەلا عەزیز

# " چۆمی کۆدەڵ "

"کۆدەڵ"(١) ئێستاشی سرەوتن ناوێ
سینگ لەبەرد ئەکوتێ پریشك داوێ
هەڵوەداو شلوێ بە چۆڵدا وێڵە
چاوە هەر لێڵ و دەراو هەر لێڵە
ئەو کەساڵان خورِو، مەندو، گۆمی
قەڵپەزەی ئاوی لە ماڵی چۆمی
وت ئەزانی کە هەموی کافورە
ئێستە بەخوێنی شەهیدان سورە
کەفی شێتانە دە چێنیٚ و دەگەڕێ
لە تەنیشت دارو دەوەن تێ دەپەڕێ
سەر بەسەر ئاودڕو خڕ دادەگرێ
هێندێ دەڕوانیٚ لەوێش ڕادەبڕێ
نە"شەریف زادە" لەهیچ کوێ هەستی
دێتەوە گوێ نە "محەمەد ئەستی"

---

(١)- کۆدەڵ: ناوی ڕوبارێکە لە گوندی دارینە لە ناوچەی بانە، شەریف زادەو ...ەڤاڵە کانی تری لەو شوێنە لە ناوچەی بانە شەهید بون لەسەر روبارەکە.

لێرەش باس لە شەهید بوون و دە داوو کەوتنی مەلا ئاوارە دەکا کە خەڵکی گوندی دیوالان لە ناوچەی سەردەشت بە فێڵ و تەڵەکەو بە بەهانەی ئەوەی کە نێوان ناخۆشیان هەیە بانگیان کردە ماڵێ دۆستێکی خۆی بە ناوی حەسەن سەکر دوایە عەجەمیان لێ ئاگادار کردو بەخۆیو دوو پێشمەرگە بە نێوەکانی محەمەد و ڕەحمان وەتمان گیران و پاشان لە شوێنێک بە ناوی سەرکەنەکان لە داریان دان.



مەلا ئاوارە - ئەحمەد شەڵماشی

جارڕ دەدەن جا هەمو گوندو گەڕەکان
بێن و ڕێیەك بخەنە "سەرکەنەکان"(١)
بێن ببینن کە "شەهید ئاوارە"
سەری چەند بەرزە لەسەر سێدارە
چۆن"حەمەد احمد"و"ڕەحمان وەتمان"
بۆوەتەن مردن و سەریان نەچەمان
هێشتە هەر چۆن لە گەڵیو دارستان
دەگەڕێ دەنگی "بژی کوردوستان"
گوند نییە بنکەیە بۆ ئاژاوە
خۆ فرۆشتن لەوێ ئێستەش ماوە
نەتەوەی کوردن ئەگەرچی کوردن
لە بەرانبەر گەلی کورد ڕو زەردن
نابێ دڵ خۆش بێ بەوە بێگانە
کوردی کوشتن، ئەوە کوردوستانە
تا پتر خوێن بڕژێ لەوناوە
شۆرشی گەورەتری بەدواوە

---

کەنەکان: ناوی شوێنێکە لە نزیك سەردەشت کە مەلا ئاوارە دەگەڵ دو هەڤاڵەکەی تری
ێدارە دران، هەڤاڵەکان...

******************************************

ئەوهۆنراوەیە برای ئازیزو دۆستی یەگجار زۆر خۆشەویستم مامۆستا ئەحمەد حوسێن هۆندویەتیەوە بەدوای ڕادەستکردنەوەو شەهید بوونی کاک سولێمان موعێنی و شەهید خەلیل شەوباش دا. مامۆستا ئەحمەد حوسێن کەسایتێکی ڕووناکبیرو نوسەری بەتوانای شاری هەڵمەت و قوربانی سلێمانیە کە کانگای ڕووناکبیرانی کوردستانەو دۆستێکی ڕاستەقینەی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتە، وە سەرنوسەری گۆڤاری«سلێمانی» یە. ئەوەندەی ئەمن لە نزیکەوە ئەو برادەرەم ناسیوە هەموو هیواو ئاواتی ڕزگاری هەر چوار پارچەی کوردستانە و نمونەی ئینسانێکی ڕاست و ڕەوان و دڵسۆزە.

ئەوەش کۆپلەیەک لە هۆنراوەکەی

«ویژدان فرۆشتن»

تۆ نمونەی تێکۆشان بووی موعێنی
بۆ گەل سیمای دڵخۆشان بووی موعێنی
تۆ ڕۆیشتیت و شانازیت بۆ مایەوە
پوازی گەندەڵ نەفرەت هات بەلایەوە
هەرگیز مێژوو نابەخشێ هیچ لەوانە
کە سەرمایەی هەڵسوو کەوتیان تاوانە



کاک ئەحمەد حوسێن سەرنوسەری گۆڤاری«سلێمانی»
لەگەڵ خۆم مەلا رەسول
******************************************

**جوڵانەوە بەسەر داسەپاوەکەی ١٩٦٧ و ٦٨ی زاینی و هۆکارەکانی**



شەهید فایق، مەلا ڕەسوڵ، شەهید ئەحمەد تۆفیق
****************************************

هەرچەند لە کتێبەکەم دا«سەربردەی ژیانم» کەم تا کورتێک ئیشارەم بەو ڕووداوە مێژووییەو بەسەر داسەپاوەدا کردووە، بەڵام بە هۆی نەخوێندنەوەی کتێب لە لایەن گەنجان و سەرگەرمی بە مۆبایل و ئەنتەرنێتەوە، وە بە هۆی بە لا ڕێیی دابردنی ئەو ڕووداوە گرینگەوە لە لایەن هێندێک کەسی بێ ئاگا و دوور لە ڕاستیەکانەوە، زۆر شتی وام بە گوێ کەوتووە کە واقم وڕماوە. بە تایبەتی ئەوانەی گوایە بۆخۆیان ڕۆژێک لە ڕۆژان بەشداریان کردووە لە ناو ریزەکانی حیزبی دیموکرات و ئێستا خۆیان وە شوێنی دیکە هەڵاواسیوە. ناکرێ و ناگونجێ هەر ئاوا بە هاسانی و بەو پەڕی هەق کوژیەوە خوێنی ئەو هەموو شەهیدە زوڵم لێکراوانەی ئەو جوڵانەوەیە بە

فیرۆ بچێت و لەسەر ئەو هەموو زوڵموو غەدرەی کە لێیان کرا تۆمەتیشیان بدرێتە پاڵ و بێ هەڵوێستیش بین.
کورتە مێژووی سەرەتای پەیوەندی برادەرانی خۆمان باس دەکەم لە هەڵگیرسانی شۆڕشەوە بە تایبەتی لەو کاتەوە کە بارزانی ڕووی لە شاخ کردەوە. جگە لەوەی لە گەڕانەوەی بارزانی را بۆ بەغدا ، برادەرانی ئێمە هەژاری موکریانی، شەهید ئەحمەد تۆفیق، شەهید سولەیمانی موعینی، مەلا باقی و زۆر لە برادەرانی دیکە بە بەردەوام بە دەوری بارزانیەوە بوون و چی لە توانایان دابووە تەبلیغاتیان لە باشوور و ڕۆژهەڵات بە پشتیوانی لە بارزانی بڵاو دەکردەوە و بە دایم وێنەی بارزانیان بۆ ناوەوەی وڵات و هەستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دەناردەوە بە نامەی شەهید ئەحمەد تۆفیقەوە.




Sulayman Moeini 17 February 1933 – 15 May 1968
سولەیمان موعینی ١٧ مانگی شوبات ساڵی ١٩٣٣ - ١٥ مانگی ئایار ساڵی ١٩٦٨
South Kurdistan – Barzan Sulayman Moeini with Barzani, 1961
لە لای راستەوە:١- جەمیل مەردوخی،٢- ئەحمەد تۆفیق،٣- سولەیمان موعینی، ٤- عارف قەرەچەتانی،٥- مەلا مستەفا بارزانی،٦- قادر شەریف،٧- ئەسعەد خوشەوی،٨- رەشیدی فەلاحیان، بارزان مانگی حوزەیران ساڵی ١٩٦١

هەر کە بارزانی ساڵی١٩٦١ کەوتەوە شاخ یەکەم دەستەی کە لە چیای شیرین خۆیان گەیاندۆتە بارزانی بە یارمەتیەکی بەرچاوەوە برادەرانی ئێمە بوون، وەک شەهید ئەحمەد تۆفیق، شەهید فایەق ئەمین، شەهید قادر شەریف ، نەمر ڕەشید فەلاحی ناسراو بە ڕەشەی قاچاغچی، نەمر کاک عارف قەرەچەتانی کە خەزوری فەرماندەو قارەمانی شۆڕشی ئەیلوول کاک ڕەشید سەندی بوو، برای بەڕێزم کاک شێخ جەمیل مەردوخ، بە دوای ئەوان دا هەژاری شاعیری میللی و مەلا باقی و کۆمەڵێک برادەری دیکە پێیانەوە زیاد بوون. بۆ ئاخری ساڵی ١٩٦٢ بەڕێزان کاک سەلاح موهتەدی (موستەفا) کاک محەمەدی ئیلخانیزادە (کاوە)



لەگەڵ پیاوێک بە ناوی عەلی مام بایز بە خۆیان و زۆر قوماشی خاکی بۆ پێشمەرگەکان و شتی تریش دەگەنە لایان. بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ی زاینی ئێمەش پێنج کەس بەو ناوانە: حەسەن رستگار، حوسێنی مەدەنی، فەتاح قادری، سمایلی نمەشیری و ڕەسوڵ پێشنماز نوسەری ئەو دێرانە لە مەهابادەوە گەیشتینە لایان لە چیای بەناوبانگ و پڕ لە ئەشکەوتی برادۆست. لەو بارەگایە نە دەستگای چاپەمەنی وە نە هیچ گۆڤار و بلاڤۆکێک هەبوون،

بەدوای گەیشتنی ئێمە و هەڵگیرسانەوەی شەڕ، نەمر مام جەلال تاڵەبانی کە سەرۆکی هەیئەتی وتووێژ بوو بەو پەڕی زیرەکی خۆی دەرباز کرد و گەیشتە لای سەرۆک

عبدلناسر، شەهید سالّح یوسفی و بابکر ئاغای میرئاودەڵی برادەریشم لەگەڵ هەڤلەکانیان دەست بەسەر کران و بە هەزار حاڵ نەجاتیان بوو. پێش ئەوەی ئێمە بگەینە ئەوێ تەنیا شتی ڕاگەیاندنی دەورو بەری بارزانی ئەو بڵاوکراوەیە بوو کە شەهید ئەحمەد تۆفیق و شەهید فایق بە ناوی "دیسان بارزانی" بڵاویان دەکردەوە. یەکەم خەبەرنیگار کە هاتووە بۆ ناو شۆڕشی ئەیلوول و لای بارزانی(دانا ئادەمز شمیدت) بووە کە شەهید ئەحمەد تۆفیق لە بەیروتەوە هێنابووی کە دواتر کتێبیکی تەکمیلی لە بارەی ئەوو شۆڕشی کوردو ئەو گەشتەیدا نوسیوە.



ژەنراڵ بارزانی بۆ پەیامنێر ( شمیدت ) دەدوێ

لەو چیایە بەشی هەرە زۆری کارەکانی بارزانی شەهید ئەحمەد تۆفیق بەڕێوەی دەبرد، دەنا هەتا نەهاتینە سەنگەسەر بارزانی یەک کوڕیشی لەگەڵ نەبوو، ئەو کات کوڕی ڕاستەقینەو چیاو چۆڵی کوردستانی بارزانی شەهیدان ئەحمەد تۆفیق(عەبدوڵا

ئیسحاقی) و فایق ئەمین (سولێمانی موعێنی) بوون.



نەمر بارزانی و شەهید ئەحمەد تۆفیق و چەند پێشمەرگەیک
******************************************

هەموو کەس شەهید سولەیمانیان بە فایق بانگ دەکرد تەنیا بارزانی بوو هەر بە سلیمان بە لەهجەی خۆیان ناوی دەبرد.



Sulayman Moeini 17 February 1933 – 15 May 1968

سولەیمان موعینی ١٧ مانگی شوبات ساڵی ١٩٣٣ - ١٥ مانگی ئایار ساڵی ١٩٦٨

South Kurdistan – Barzan Sulayman Moeini with Barzani, 1961

لە لای راستەوە:١- مسعود بارزانی،٢- سولەیمان موعینی،٣- مەلا مستەفا بارزانی، ٤- ئەدریس بارزانی،٥- سابر بارزانی،٦- ئەسعەد خوشەوی، بارزان باشوری کوردستان ساڵی ١٩٦١

مامۆستا هەژار

کاری ئەوە بوو هۆنراوە لە دژی جاشان بڵاو کاتەوە و لە دانیشتنەکان دا قسەی خۆش و گاڵتە و گەپی بۆ بارزانی دەگێڕاوە. مەلا باقی کاری ئەوە بوو ڕادیۆیەکی بە دایم بە گوێیەوە بوو و هەر چی دەنگ و باس هەبوو بە بارزانی ڕادەگەیاند، ماڵم هەقە لەو

کارەشی دا یەکجار دەقیق و سەرکەوتوو بوو. ئێمەش جار جارە هەوای شەڕ و بەرەکانی شەڕ دەچوو لە مێشکمانەوە، شەهید ئەحمەد تۆفیقیش پێی ناخۆش نەبوو بەڵام هەردووک کە دەچووینە بەرەی شەڕ بە گەیشتنمان بۆلای مەلا مین و حالی بارزانی لەسەر بڕیاری بارزانی ئێمەیان دەگێڕاوە بۆ شوێنی خۆمان. لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئێمە وا غەرقی خزمەت و بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەوان بووین، باسێک لە حیزبی دیموکرات هەر لە گۆڕێ نەبوو بە داخەوە ناوەکەشی نەمابوو. ئێستاش و ئەو کاتەش و دواتریش من یەک تۆزقاڵیش لەو خزمەتانەی کە ئێمە بە ئەوانمان کرد نەک پەشیمان نیم بەڵکو زۆر بە شانازیشی دەزانم. بەڵام ئەوان لە تەواوی ئەو ماوەیە کە لەگەڵیان بووین بە زاری یەک کەسیاندا نەدەهات بڵێن حیزبی دیموکرات یا ئێمە وەک ئەندامانی دیموکرات ناوزەد کەن. هەر دەیانکووت جەماعەتی ئەحمەد تۆفیق، کێشەی هەرە ڕیشەیی ئێمەش هەر لەوە ڕا سەری هەڵدا.

## هاتنمان بۆ ناوچەی پژدەرو قەڵادزە

پاشان کە لە ساڵی ١٩٦٤ بە بارەگای بارزانیەوە هاتینە ناوچەی قەڵادزێ و پشدەر وئەو ناوەیە ئێمە جەماعەتمان زۆر زیادی کردو بە دایم زیاتر لە چل پەنجا پێشمەرگەمان لە هێزی کاوە لە ژێر فەرمانی کاک حەسۆ میرخان دابووین، لە جەبهە و بەرەنگاری شەڕو هەر فەرمانێکی پێمان درابێ ئەنجاممان داوە.



ئەم وێنەیە لە بارەگای بارزانی لە سەنگەسەر گیراوە. لە ڕاستەوە: حەمە فەرەجی بانەیی، حەسەنی ئیسحاقی، حاچک بارزانی، ئەحمەد تۆفیق (ڕێبەری حدک)، سەلیم ئەسعەد خۆشەوی، سەید حاجی کەلۆێ، ڕەسووڵی پێشنەماز.

لە سەفەرەکانمان بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان کە ئەودەم بەرگریان لێ نەدەکردین لە ئەرزاقەوە بگرە هەتا کاتی گەنم و دانەوێلەش هەرچی وەرمان گرتوە هەموومان لە

ڕێگای شەهید ئەحمەد تۆفیقەوە تەحویلی بارەگای بارزانی داوە. بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ بارزانی و شۆڕش، شەهید ئەحمەد تۆفیق و شەهید سولێمانی موعێنی و هەژاری شاعیرو هەمووماں لە ناو عەشیرەتەکانی میرئاودەلی و مامەش و مەنگوڕ و ئاکۆ و جاف و هەتا حاجی ئۆمەران دەورمان هەبوە و کارمان لە نێواندا کردون. بەڵام بە دوای کۆنگرەی دوو دا کە ئێمە هەموو لایەک تا ڕادەیەک یەکمان گرتەوە, بە ڕێنوێنی شەهید کاک سەدیقی ئەنجیری ئازەر بڕیاری ئەوە درا لە غەیری ئەوانەی کە پێشمەرگەی شۆڕش بوون، باقی ئەوانەی ترکەس وەک ئەندامی حیزبی دیموکرات بە چەکەوە خۆی نەنوێنێ و بە تەواوی بەرژەوەندی وعەلاقاتی نێوان ئێران و شۆڕش بپارێزین. بەڵام ئەوان دوای ئەوەی کە بارزانی بەسەرتاقمی مەکتەبی سیاسیی کۆندا سەرکەوت و تیمسارمەنسورپور و دارو دەستەیان هاتن و لە گەڵ بارزانی ڕێکەوتنیان کرد، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەشی پاراستن و زۆر لە بەرپرسە لاوازەکانی وەک عەبدوڵوەهاب ئەتروشی وشەکیبی جێگری دەستگای پاراستن و چەند کەسێکی دیکە بە دنەدانی سازمانی ئەمنیەت و سیخورەکانیان کەوتنە ئازار دان و بەهانە پێگرتنمان. هەتا گەیشتە ئەوە کە لە سەرەتاکانی ١٩٦٦ی ز شەهید ئەحمەد تۆفیق لە کاتێکدا بە خۆیی و بە دە پازدە پێشمەرگەی قارەمانی ڕۆژهەڵات بە بەردەوامی لە هەندرین و زۆزک ئەو ناوەیە لە پێشەوەی بەرەی شەڕ بوو بەو چەند کەسەوە بە قەد هێزێکی پارتی دەوری قارەمانانەیان هەبوو. جگە لەوهەموو خزمەتانەی کە لە هاتنەوەی بارزانی بۆ ئێراق پێی کردبوون و لە سەرەتای ڕاپەرینی بارزانیش بە خۆیی و هەڤالانیەوە ماندوو نەناسانە لە خزمەت بارزانی و شۆڕش دابوو و دەست پێش خەر بووە بۆ دەرکردنی "دیسان بارزانی" و هێنانی یەکەم خەبەرنیگاری بیانی بۆ نێو شۆرشولای بارزانی. کەچی یەکەم کاری کردیان ئەویان بە خۆییو شەش حەوت

کەسەوە دوور خستەوە بۆ قەزای شێخان گوندی کانی ماسی.



لە راستەوە بۆ چەپ: حاجی دەروێش جوارتایی، ئەحمەد تۆفیق، قادر شەریف، حسێنی حاجی ئەحمەد وقادر تەگەرانی. ساڵی ١٩٦٠ گیراوە. سێیەم کەس لە راستەوە نەزانراوە کێیە.

## ڕاونان و گرتن و کوشتن و ڕادەست کردنەوەی هەڤاڵان لە لایەن سازمانی ئەمنیەت و بەشی پاراستنەوە.

بە دوای ئەودا ڕەفیقی دەورانی کۆمەڵەی ژ-ک و حیزبی دیموکرات و دەورانی زێڕینی کۆماری کوردستان، کاکە سەدیقی ئەنجیری ئازەر بێ سەروشوێن کرا لە بن دەست و دەسەڵاتی ئەواندا، کە باشترین نوسەرو عالم و ڕووناکبیری سەردەم و دۆستی ڕاستەقینەی بارزانی و شۆڕشەکەی بوو.



شەهید سەدیقی ئەنجیری ئازەر

***************************************

هەرلەوکاتدا مونتەقیم قازی گیراو ڕادەستی ئێرانیان کردەوە، بە دوای ئەودا عەبدولوەهاب ئەتروشی خۆفرۆشو خائین و فەرماندە هێزی خەبات لە گوندی تەوێلە مامۆستا مەلا ڕەحیمی ویردی و چوار لە هەڤالانی گرتن و کوشتنی و جەنازەکانی دانەوە بە ڕژێمی شای تێهەڵدراو، لە حاڵێکدا ئەوکات مامۆستا مەلا ڕەحیم عومری زیاتر لە ٧٠ ساڵ بوو و ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات بوو.




شەهید مەلا ڕەحیم ویردی

*******************************************

لە هەموو شوێنەکانی وەک لای چۆمانو خەلانو زینوێ شێخی و ئەو ناوەش سەعید مەسیفی جەلادی زیندانی ڕایەت و خۆفرۆشی بەناوبانگی ناو شۆڕش، مەلا محەممەد خزری گرتو تینی بۆ برادەرانی ئێمە وەک نەمر سەعید کوێستانی (کاوە) و فەقێ برایم و زۆری دیکە هێنا. لەولاشەوە عەوڵا ئاکۆ و سەیدۆ و زۆری دیکە چەند جاریان نارد بۆ گرتنی من لە گوندی هێروی پشدەر کە ماڵم لەوێ بوو.



وێنە: ڕەسوڵ پێشنماز گوندی هێرۆ
*******************************************

بە حیساب کارم بۆ حیزب نەدەکرد بەڵام لە لایەن دۆستی لە دەست چووم نەمر جەنابی حاجی ئاغای هێرۆ کە بۆخۆی ئەوکات پەنجا شەست پێشمەرگەی هەبوو سەر بە خودی بارزانی بوو، لەگەل خەڵکە باشەکەی هێرۆ نەجاتیان داموو نەیانهێشت بمگرن.
هەر ڕاست لەوکاتە ترسهێنەرو تۆقینەرەی کە لەلایەن سازمانی ئەمنیەتی و بەشی پاراستنەوە بۆ تێگرای ئەندامانی حیزبی دێموکراتیان هێنابوو، لەو کاتەدا کە شەهید سولەیمان موعینی بە خۆی و نێزیک ٢٥ پێشمەرگەوە لە دیری دۆڵی شاوری جێگیر کراوە و نەمر هەباس ئاغای مامەند ئاغا کە لە حاڵی حەیات دابوو وەک هەمیشە بەوپەڕی پیاوەتیەوە خزمەتی پێ دەکردن، کە من ئەو کاتە لە گوندی هێرۆ لەسەر داوای خۆی چەند جار سەردانم کردن. نامەیەکی بۆ دەنێرن بە ناوی مەکتەبی

سیاسیەوە کە بچێت بۆ لای کاک ئیدریس، ئەویش نامەیەک بۆ مەکتەبی سیاسیی دەنوسێتو دەڵێ داوای منتان کردووە بۆ چ کارێک؟ ئەوانیش بۆی دەنێرنەوە و دەڵێن ئێمە داوای تۆمان نەکردووە. لەو کاتە حەساس و هەستیارو پڕ ترسو خۆفو لەبەین چونوو ئازاردانی ئەو برادەرانە مان، نامەی مەکتەبی سیاسیی بۆ چووە و کەچی دەڵێن ئێمە نەماننناردوە، هەرکەس بێت وەشک ناکەوێ؟ حەقی نیە خۆی پەنا بداو فکرێک بۆ حاڵی خۆی بکاتەوە؟ بە خۆی و ٢٥ کادرو پێشمەرگەی کە لە گوندی دێرێ لەگەڵی بوون،ماڵ و منداڵی بەجێ دەهێڵێت وخۆی دەگێنێتە گوندی سوونێ



شەهید سولێمان، سیامەندی کوری، یای مریەم خێزانی
*******************************************

و لەوێشڕا بۆ گوندەکانی ئاڵیەمەڕان و پشتی ئاڵوەتان و نامەیەک بۆ من دەنوسێ بۆ گوندی هێرۆ. لەو نامەیەدا باسی ئەو هەڵبڕدابڕە دەکا کە بەرانبەر بە ئێمە بەکاری دێنن وباسی بێ سەرو شوێن بوونی شەهید سەدیقی ئەنجیری ئازەر و زۆر شتی دیکە

## نامەکەی سولەیمانی مۆعینی[131] [هەڵەبڕیی ڕێنووس نەکراوە]

هەڤالی خوشەویستم کاک سیامەندی خومانی

لە پاش چاکو چونی و لیستنەوەت ساغی و سەربەرزیت ئاواتمە زۆرم حورمەت هەیە لە خزمەتی دایکت و هەر وها براژن چاوی گەلە و ئەویتر ماچ دەکەم.

برا گیان سەری منتان لە گوم خست ئیستا هەر ئەوەندە نەختکاوم پەلەقاژەیەکی سەرەمەرگ دەکەم ئەما سەر هەر دەردینم بە خوای عالمین.

ئیستا وەزع باش و مناسبە ئەما سەرهەلقەنە دەلین پەیدا بوە هەرچی پی خوار دانی سەری پیوە نامینی

ئەوە زحمتکیشی چەند سالەمان کاک صدیق سەری تیدا چوە خوا کارمان راست بینی ئەما ئەتوش ئەوەندە بکە جاری تودابیری خوت بکە لەو ناوە وریایی وەربگرە لەوانەیە وەزع ناخوش بی جیت نەبی


خوی لی بشاریوە پیویستە لە کاتی نارەحەتیدا سەرت دەرباز بکەی جا ئەوە بوم نوسی دوایی گلەیی نەکەی، هیوادارم کارەکان بە وەستایی خوت انجامی بدەی

ناردنەوەی کریم و احمد و قادر چونکو زورم جەور و جفا دەگەل کیشاون بە وان زور پەروش بە ئەوانی تر تخ ئەوجار هەلبر دابریش لەوانی تر دەکەین پیان وا نەبی هەروا دەیخون. ئەوانە وادار بکە بگەرینەوە لای من مینە شەمیش کە ئەو وەزعەی وانی پی خوشە دیسان وایان لی بکە مجبوریان بکا بو گورانەوە بۆ لای دولەرەقە وەزعیشمان وردە وردە باش بوە باشتر دەبی ئەوانە ئیشی تون

---

[131] ڕەسووڵ پێشنەماز: ئەم نامەیە پاش کوژرانی سەدیقی هەنجیری نووسراوە. سولەیمانی مۆعینی لە نامەکەدا ناوی گەلاوێژی کچمی بە "گەلە" نووسیوە، بەڵام ناوی هێرۆی نەنووسیبوو، لەبەر ئەوەی ئەو تازە لەدایک ببوو و نەیدەزانی ناوی چییە. هەروەها وشەی "سەرهەڵقەنە" لە نامەکەدا هێمایەکە بۆ کارەساتی دڵتەزێنی کوژرانی سەدیقی هەنجیری. پاش ئەوەی سەدیقی هەنجیرییان کوشتبوو، سەریان لە لەشی جیا کردبۆوە. تەرمی بێسەری ئەو لە لای چۆمی بەرسیرین و خوارووی گەڵاڵە دۆزراوە. لە نامەکەدا ئاماژە بە ناوی کەریم، ئەحمەد و قادر کراوە. مەبەستی سولەیمانی مۆعینی لەوان کەریمی نەستانی، ئەحمەدی نەستانی و قادری نەستانییە.

دەکات




دەڵی هەتا چەند ڕۆژی دیکە لەو ناوە دەمێنمەوە و کەریم نەستانی و ئەحمەد نەستانی و مینە شەمیش ئەگەر پێیان خۆشە لەگەل خۆت بیانهێنە. من ئەو کاتە چونکە براکانم چووبونەوە بۆ سەردان، پێشمەرگەیەکی کاک حاجی مەحموود ئاغام بە ناوی برایم قادر لەگەڵ خۆم برد بەرەو گوندی سونێ کە ئەوکات برادەرانمان نەمر کاک حەمەدەمین سیراجی و شەهید سمایلی شەریفزادە و کاک سالار حەیدەری لەوێ دەژیان. کە گەیشتمێ شەهید مەلا ئاوارەش لە وێ بوو. هەتا نیوەی شەوێ ئێمە لەسەر نامەکەی شەهید سولەیمان و ئەو حاڵوو وەزعەی بەسەریان هێناوین کۆبووینەوەو قسەمان کرد، ئاخیرەکەی هاتینە سەرئەو باوەڕە کە نامەیەک بۆ بارزانی بنوسین و داوای لێ بکەین ئیجازەمان بداتێ و ڕێگاش بە کاک سولەیمان بدات بگەڕێتەوە، هەر جێگەیەک کە بارزانی بۆمان دیاری دەکات وەک شەهید ئەحمەد تۆفیق ئێمە ئامادەین بچین. نامەکەیان نارد بۆ برادەرانی سەنگەسەر کە لەوێ پێشمەرگە بوون و ئیمزای

بکەن. هەر لەو دانیشتنەدا بڕیاردرا من و شەهید مەلا ئاوارە و سالار حەیدەری بە نوێنەرایەتی هەموو برادەران بچین بۆ لای شەهید سولەیمان و داوای لێ بکەین لەو سنورانە بێ و نەچێتەوە ناوخۆی وڵات هەتا وڵامی نامەی بارزانی دێتەوە



وێنە: مەلا ڕەسوڵ، شەهید مەلا ئاوارە
*********************************************

هەر بەیانی کەوتینە ڕێ و ئێوارێ لە پشتی ماڵەکانی ئاڵیەمەڕان لەگەڵ شەهید سولەیمان و هەڤاڵان یەکمان گرتەوە و زیاتر لە چوار سەعات لەسەر تێکڕای بابەتەکان قسەمان کرد. یادی بەخێر سولەیمان لە هەموومان زیاتر دڵی بە بڕیاری گەڕانەوە خۆش بووکە بارزانی کویێ بۆ دیاری بکا بچێت. ئەوانەی لەو بارەوە ناڕازی بوون بۆ بڕیاری گەڕانەوە شەهید مینە شەم و شەهید عەبدوڵای برای بوون



عەبدوڵا موعینی – عەبدوڵا گەڕەدێی – مەلا رەسوڵ – سابیر چایچی – ساڵی 1967

دەیانگووت هەمووومان وەکوو مونتەقیمی قازی و شەهید ئەنجیری ئازەر و شەهید مامۆستا مەلا ڕەحیم و باقی هەڤاڵەکانی لەبەین دەبەن. هەر بەدوای تەواو بوونی کۆبوونەوە شەهید سولەیمان نامەیەکی دورو درێژی بۆ بارزانی نوسیوو لە هەمووی هەر بە بابە گەورە ناوی بردبوو. داوای لە من کرد کە نەگەڕێمەوە هەتا وەڵامی ئەو نامەی بۆ نەهێنمەوە. ئەو ئینسانە ئەوەندە هۆگری من بوو کە هیچ ژوماری بۆ ناکرێ، دیارە منیش هەر بەو شێوە. هەر ئەوەی کە ناوی سیامەندی بەسەر مندا بڕیبوو لە خۆشەویستی تاقانە کوڕەکەی بوو کە لە نامەکانیدا دیارە و هەر لەگەڵ ئەو نووسراوەشدا بڵاویان دەکەمەوە. بە دوای گەڕانەوەی شەهید مەڵا ئاوارە و سالار حەیدەریدا کە بە خۆشیەوە کاک سالار ماوەو ئێستا لە سوئێد دەژی، من مامەوە لە

هاوینە هەوارەکانی زەوی و ڕەزگەییان و دەوری میراوەو پشتی ئاڵواتان ئاڵیە مەڕان زیاتر لە دە ڕۆژ خۆمان خافڵاند و هیچ وڵامی نامەکان نەبوو، جگە لە نامەی شەهید سولەیمان و ئەو نامەش کە لەلای مەلا ئاوارە و شەهید سمایل شەریفزادە و کاکە مینەی سیراجی نوسیمان، لە سەنگەسەریش کاک حەسەن رستگار و کاک ئەمیر قازی و شەهید سەید ڕەسوڵی بابی گەورە و نەمر سەید ڕەسوڵ ورچان و شەهید ڕێبوار و شەهید سالار هەورامی و زۆری دیکەش هەر بەو شێوەیە نامەیان بە ئیمزای هەمووانەوە بۆ
بارزانی نوسیبوو
.



ئەم وێنەیە لە سەنگەسەر گیراوە. ڕاوەستاو لە ڕاستەوە: مەلا ڕەسووڵ، حەسەنی رەسگار، مەلا رەحمانی فاتحی (شاعیر)، مەلا محەممەدی زوودی، مەلا عەبدوڵڵای حەیاکی و ڕەسووڵی پێشنەماز. دانیشتووان لە ڕاستەوە: سالاو هەورامی (بە دەستی سپای رزگاریی شەهید بوو) و سەید ڕەسووڵی ورچان.

## نا ئومێدی و پەڕینەوەمان بۆ وڵات

ئەوەش بە فەرامۆشی سپێردران و هیچ وەڵامیان نەبوو. دوای بێ ئومید بوونمان لە وەڵامی بارزانی ئێمە پەڕینەوە بۆ بەری نەڵێنی مەنگوڕان و ناوچەی گەدە. دوای

حەوتوویەک سوڕانەوە لەو ناوە خەبەری مراد شیرێژمان وەرگرت بە هۆی کوڕێکی شوانی ئاغاکانی کارگ کە خزمی خۆم بوو.




**مراد شیرێژ پادام**

دانیشتووی: جەڕان
بەرپرسایەتی: پێشمەرگە
ساڵی شەهیدبوون: 1349

*******************************************

دەیگووت زۆر شەوان لە کوێستانی گوێچکەدەرێ و کوونەقاژوو شەوانە لەلامان بوونو نانو پێخۆرمان بۆ بردون. لەو ماوەدا لەو مەڵبەندە سێ پاسگای لاجان و مەنگوڕان یەکیان گرتبوو هەندێک لە ئاغاکانی
مەنگوڕی تایفەی زێڕینیان بە زۆر لەگەڵ خۆ خستبوو بۆ تاقیبی مراد شیرێژ. ئێمە هەموو جار سەعاتێکی شەو دەما بە شارەزاوە لە ئاوایەکان دەچوینە دەرەوە. بەرپرسی هەموو پێشمەرگەکان و هەڵبژاردنی شوێنەکانی دیاریمان دەکرد و کێشکی شەوان و ڕۆژان بۆخۆم بووم. سێ دەستەم پێک هێنابوو، دەستەی ئەوەڵ شەهید مەلا مەحموود

زەنگەنە بەرپرسیان بوو، دەستەی دووهەم شەهید مینە شەم و دەستەی سێەم هەڵمەت بەرپرسیان بوو کە بە داخەوە پاشان لە ناوچەی سەردەشت بە جاشیەتی کوژرا.
ئەوشەوەی کە لە سیوی گەدە و گردی مرادبەگیرا بەرەو شاخی سپی سەنگ ڕۆیشتین و لەوێ بەسەر سێ لوتکەدا دابەش بووین و هەر پەلەی بۆ لووتکەیەک، من و شەهید سولەیمان و شەهید عەبدوڵا لەگەل ئەو پێشمەرگەی حاجی ئاغای هێرۆ بە ناوی برایم کە لەگەڵ من بوو لە ناوەڕاستیان دابووین. ئێمە بێ ئاگا لەوە بووین کە شەهید مراد شیرێژ بە خۆیو چوار پێنج برادەر لە خوارەوەی ئێمە لە ڕێزە شاخێک دابوون. هەر بەیانی کە ئێمەیان ڕەچاو کردبوو ئیتر لە ترسان لە جێگای خۆیان نەجوڵابوون، چونکە وایانزانیبوو ئێمە لە لایەن بارزانی ناردراوین کە ئەوان بگرین و بیانبەینەوە. هەر ماوەیەک پێش ئەوکات من و کاک حەسەنی ڕەستگار و مەلا ئاوارە و مامەند قازی و زۆرێکی دیکە چووبووین لە ناوچەی ورچەکی سەردەشت شەهید قادر شەریف و هەواڵەکانیمان چەک کردبوو و هێنابوومانەوە بۆ سونێ و هەڵشۆ.



لە ڕاستەوە: جەعفەری کەریمی، مامەندی قازی (ناوی ڕاستەقینەی قادری قازی و ئاغای ساروقامیش بوو)، ڕەسووڵی پێشنەماز و ڕەحمانی کابانی.

*******************************************

هەر شەوێ مراد شیرێژ نەفەرێکی خۆی بە ناوی ڕەسوو پیران ناردبوو بۆ گوندی کانی کلێ بۆ نانو پێخۆر، ئەویش لە داوی ئەو سێ پاسگایە کەوتبوو، گوتبووی هاتووم

خۆم ڕادەستکەمەوە و وەرن دەتانبەم بۆسەر مراد شیرێژ و ڕەفیقەکانی. یەک لە ڕەئیس پاسگاکان باسکی ڕەسوڵی لە قۆڵی خۆی بەستبوو پاشان باسی دەکەم کە چۆن هەم ڕەسوڵ هەم ڕەئیس پاسگایەکەمان کوشت. ئەو سێ پاسگایەی کە ڕەسووڵ پیران دەگرن لە کانی کلێ ڕا وەڕێ دەکەون بە حیساب بۆ سەر مراد شیرێژ کە لە خوار ئێمە دە ڕەوەزە شاخێک دابوون بە لابەلاکانی کوێستانی گەدە و داوێنی هەواری مێری و ئەو ناوەدا هاتن بەرەو ڕووی ئێمە. لەو کاتەدا نۆرە کێشک و دیدەوانی کاک ئەحمەد نەستانی و برادەرانیان بوون .



بەشێک لە پێشمەرگەکانی جووڵانەوەی ٦٧–٦٨. ئەم وێنەیە لە دەڤەری نازەنین و هیران‌دا گیراوە.


دانیشتوو لە ڕاستەوە: ئەحمەد نەواسی، کەماڵی رەسنگار، مستەفا رەسنگار و حەسەنی رەسنگار.

ڕاوەستاو لە ڕاستەوە: محەممەد نەستانی (قارەمانێکی وریا و بەورە بوو)، ئەحمەد نەستانی، ڕەسووڵی پێشنەماز، کەریم نەستانی، عەبدوول نەستانی، نەناسراو (خەڵکی سەردەشت) و مەلا سمایلی حاجی (خەڵکی پیرانشار).



**ئەم وێنەیە لە گوندی هیران و نازەنین گیراوە. لە ڕاستەوە: ئەحمەد نەستانی، ڕەسووڵی پێشنەماز، عەبدوول نەستانی، کەریم نەستانی و کەریم حەدداد.**

کاتێک بە دووربین تەماشا دەکەن ئەوە جەماعەتێکی پەنجا نەفەری بۆ لای ئێمە بەولا پاڵانەدا دێنە خوارێ، هەرچەندە فاسیلەکە یەکجار زۆر دوور بوو بەڵام بە لیباس عەجەمەکان و کوردەکانیان لێک جیا کردبۆوە. کاک ئەحمەد نەستانی کە ئەو کات تەمەنی وابزانم تازە دەگەیشتە ٢٠ ساڵ بە هەڵەداوان هەر دادەگەڕا بۆلای ئێمە و لە پێشمەرگەکانی دەپرسی کاک فایەق و مەلا ڕەسووڵ لە کوێن، هەتا گەیشتە لای ئێمە وگوتی جاش و عەجەمێکی زۆر بەڕێوەن بەڵام بەشی زۆریان عەجەمن. کە لێم پرسی چۆنت زانی زۆربەیان عەجەمن کووتی: ئەوانەی لەسەر چەنگان بەسەر ڕنوە بەفرەکاندا دەڕۆن ئەوە عەجەمن ئەوانەی کە هەر بە غاردان بەسەر بەفرەکەدا دەڕۆن ئەوە کوردن.



وێنە: کەریم نەستانی، مەلا ڕەسووڵ
*******************************************

بۆ ڕوون بونەوە سێ شەو پێشتر من بە خۆم و بە شەهید کاوە مەراغانی و کەریم نەستانی وبرایم باڵدار و سێ کەسی دیکە لەو پێشمەرگانە چوبووم بۆ گوندی هەرمێ و لەوێ ئیشێکی تایبەتی خۆم هەبوو. ئەو ناوە هەموویان خزمی ئێمەن، ماڵی قادرائاغای هەرمێش تفەنگی حکومەتیان لابوو، خەبەری ئێمەیان نەبوو بەڵام دەیانزانی مراد شیرێژ لەو ناوەیە، کاریان پێ نەدابوو بەڵام لە خۆشیان دەترسان. پیاوێکیان بە ناوی پیرۆت کاتی تاریکایی ئێوارە، ئێمە لە خوار کونە قاژوو دەبینێ و بە قادراغا دەڵێ ئەوشۆ مراد شیرێژ دێتە سەرمان، ئیتر ئامادە باش دەبن. مام مەلا برایم کوڕی مام عەلی کارگێ خێزانی مردبوو و زیاتر لە ٥٠ خزمی ئێمە لەوێ لە سەرەخۆشی بوون. منیش تا دوایە ئەو خەبەرانەم نەزانی. ئێمە چووینە ئەو ماڵەی خزمم کە من کارم پێ بوو، جیرانی ماڵێ ئاغا بوون. هەر لە خۆڕا هەستێکی وام لێ دروست بوو کە من

نەچمە ژووریَ. لەگەڵ برایم باڵدارو کەریم نەستانی لە دەرەوە ماینەوە کاوە مەراغانی و ئەوانی دیشم ناردنە ژورەوە. ئێمە کە لە دەوری قەڵاغێک بەو تاریکیە خۆمان حەشار دابوو. لە ماوەی یەک سەعات دا سێ پیاوی ماڵێ ئاغا بە جیا جیا هاتن، کە یەکەم کەس حەمەدە جگە بوو، دوهەم ڕەحمانی هەمزەی کوێخا بوو کە پیاوێکی ئازاو بەناوبانگ بوو لە حکوومەتیش قاچاغ بوو، چەتەییشی دەکرد. سێهەمین ئەو پیرۆتە بوو کە ئێوارە ئێمەی دیبوو. ئێمە یەک بە یەک هەر سێکمان چەک کردن، بەڵام پاشان کە زانیمان شتەکە بە هەڵە وای لێ هاتووە لەسەر داوای خزمەکانم ئازادمان کردن بەڵام چەکەکانم نەدانەوە .

## شەڕی سپی سەنگ

کە گەڕامەوە لای برادەران و یەکمان گرتەوە ئەو باسەم بۆ گێرانەوە و لامانوابوو کە ماڵێ عەولا ئاغای شکایەتمان لێ دەکەن و ژاندارمان دێنە سەر، هەر بۆیەش پێمان وابوو ئەوانن هەتا شەوێ ئەو چوار ئاغایەمان گرتن. ئەوجار هەموو شتێکمان بۆ ڕوون بۆوە. پێش ئەوەی ئەوان ئێمە ببینن ئێمە لێیان دامەزراین. ئەوان هاتن بۆ سەر ئەو لووتکە شاخانەی سەر ڕێگای بەینی ئاوایی لمونج و گەدە. ئاغاکانوو دوو لە ڕەئیس پاسگاکان گوتبوویان درەنگەو هەتا دەگەینە مراد شیرێژ دەبێتە شەوو وەک باسیش دەکەن مراد شیرێژ شەوی لێ دابێت بە لەشکرێکیش ناگیرێ. ئێمەش ئەوە لە سێ لاڕا بۆیان دامەزراوین لەبن لوولەی تفەنگەکان دان. کات دووهەم مانگی بەهاری ١٩٦٧ی ز. ئێمە قەرارمان بوو هەتا نەگەنە بەر لوولەی تفەنگەکانمان تەقەیان لێ نەکەین، بەڵام تاقمی هەڵمەتو ڕێبوارو سەردەشتیەکان کە بەسەر سەریانەوە بوون و ڕێبوار ڕەشاشێکی ڕووسی پێ بوو، کووتبوی درەنگەو دەبێتە شەو هەر ئێستا بە یەک ڕیزی ڕەشاشەکەم زۆریان لێ دەکوژم. لەگەڵ یەکەم تەقە ڕەشاش گیری کردو تەقە دامەزرا. لەلایەن ئەوانەوە بە ڕاهاتنی خۆیان بەرگریەکی وایان نەکرد. ئێمە واتە من و کەریم نەستانی و برایم باڵدارو کاوە مەرەغانی و عەبدولا گڕژاڵی کە تازە لەگەڵمان کەوتبوو لەو تفەنگانەی کە لە ئاغاکانم وەرگرتبوو تفەنگێکم دابوویە، بۆیان داگەڕاین و پشتمان لێ گرتن. ئیتر زۆریان لێ کوژران و بە داخەوە کاک سڵەمانی هەنگەوێش بریندار بوو. هێند لە یەک نزیک بووین کە گوێمان لێ بوو هاواری خزمەکانی دەکردو دەیگوت من سڵەمانم، ئەنگواوم! واتە بریندار بووم. بە داخەوە پاشان بیستمان شەهید بووە. بۆیە دەڵێم شەهید چونکە ئەوانە هیچ سوچ و تاوانێکیان نەبوو، هەڵەکە لە منو شەهید سولێمانەوە بوو، پێشتر ئاغاکان خزمێکی خۆیان کە ئاغای گوندی ئۆغەن بوو وابزانم ناوی سڵەمان بوو دایکی خزمی کاک مونتەقیمی قازی بوو، کوتبوویان ئێمە ژاندارمەکان ناچاریان کردووین بۆ تاقیبی

مراد شیرێژ ڕەگەڵیان کەوین یا بۆ سپی سەنگ یا دۆڵی ڕەش، ئێمەش لە وڵامدا کوتمان ئێمە دەچین بۆ دۆڵی ڕەش. یادی بەخێر شەهید سولێمان زۆر خەو گران بوو هەموو جارێ دەبوو بە دەستی ڕاستیکەمەوە لەسەر ئەوە عاجزیمان لێ پەیدا بوو بۆیە کە لە ماڵان دەرکەوتین لە جیاتی دۆڵی ڕەش بە کابرای بەڵەدمان کووت بۆ سپی سەنگ. لەوێ هەم مراد لەوێ بوو کە نەیدەوێرا خۆی ئاشکرا بکات، هەم ئێمە چووین و ئەو شەڕە ڕووی دا. لە شەڕەکەدا ئەوان لە خۆشاردنەوە زیاتر هیچیان پێ نەکراو بەو بەهارەش لەنێو ئەو هەمووە گیاو گوێنی و زەمەندەی کوێستانی گەدە وا خۆیان شاردبۆوە. ئێمە خۆمان خڕ کردەوە و داگەڕاینە خوار بۆ ڕەشماڵەکانی ماڵی عەبدولڕەحمان قازی دریازی. لەو تاریکایەدا توشی چوار لە ئاغاکان بووین و گرتمانن و هەموو شتێکیان بۆ باس کردین و گووتیان قەرارمان وایە ئێمە لەو ماڵانە ئاورێک بکەینەوە و ئەوانیش بە جەنازەکانیانەوە بێنە خوارێ. لەسەر قسەکانی ئەوان ئێمە کەمینمان بۆ دانانو لە ماوەیەکی کەمدا ئەوان هاتنە بەر دەستمان، بە ڕەسوو پیرانەوە هەموو کوژران و بەداخەوە شەهید عەبدوڵا موعینی لە پەنا من دوو گولەی بە باسکی کەوت. ئیتر دوای دوور کەوتنەوە لە شوێنی شەڕەکە پەڕینەوە بۆ بەری گوندی چەکۆ. لەسەر تکای هەمووان عەبدوڵایان بە ملی من دادا



عبدالله معینی ۱۳۴۶

بۆ ئەوەی بیگەینمە شوێنێک بۆ دەرمانکردن، چونکە جگە لە حیزبی شیوعی ئێراق لەو دونیا پانو بەرینە هیچ پەناگاو شوێنێکمان نەبوو. دیارە ئەوانیش یارمەتیەکەیان بۆ ئێمە یەکجار زۆر بەرتەسک بوو، چونکە ئەوانیش دەسەڵاتێکی بەرچاویان نەبوو تەنیا لە ڕووی مەعنەویەوە یان برین پێچەکانیان هاوکاریان کردباین. ئیتر ئەوە بوو من بەلای ئاڵیە ڕەشی و سونێ و ئەو ناوەدا بەنێو ئەو هەموو بنکانەی هێزی کاوەدا هێنامەوە بۆ قەڵادزێ ماڵی خزمەکانی خۆم و برادەرانی حیزبی شیوعی بە قاچاغی و شاردنەوە لە حەسۆ میرخان. کاک سەید عەلی برین پێچ ئەندامی حیزبی شویعی و دۆستی نزیکی خۆم چوار ڕۆژ دەرمانی کرد ئەوکاتیش قەڵادزە لە دەست پێشمەرگەدا بوو. یەکێکی خوێڕیڵەی خۆمان بە ناوی محەممەد قادر خەبەری دابوو بە حەسۆ میرخان ژاژۆکی و ناردیە سەریان و برادەرانی شیوعی هەڵپێچابوو، بۆیە ئێمەش بەو

شەوە خۆمان گەیاندە گوندی هێرۆ کە ئەو کات ماڵی من لەوێ بوو. حاجی ئاغای هێرۆش یادی بەخێر بۆخۆی حەفتا هەشتا پێشمەرگەی هەبوو و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مەلا مستەفاوە هەبوو.



وێنە لە ڕاستەوە: پێشمەرگەیکی حاجیا ئاغا، پێشمەرگەیک، نەمر حاجی مەحمود ئاغای هێرۆیە، مەلارەسووڵ



گوندی هێرۆ لەگەڵ نەمر حاجیاغاو کۆمەلێک پێشمەرگە
*************************************************

بە هەموو توانایەوە بە خۆی و هەموو خەڵکی باشی گوندی هێرۆ پارێزگاریان لێ کردین. لەوێش حەسۆ میرخان بە چل پەنجا پێشمەرگەوە هاتنە سەرمان. ئێمە چوار کەس بووین دوو ئامۆزای خۆم و برایم فاتیش بە چەکەوە بە ئاگاداری حاجی ئاغا و پێشمەرگەکانی چووینە ئەو کەژ و کێوانەی پشتی هێرۆ بەرەو سنوور، هەتا حەسۆی میرخانی رۆیشتەوە ماینەوە. بە دوایدا بە هۆی ئەوەی دەبوا شەهید عەبدوڵا چاک بکرێتەو و ئێمەش هیچ پشت و پەنایکی ڕونیشمان نەبوو، پەیوەندیشمان نە بە حکومەتی ئێراق و نە بە برادەرانی مەکتەبی سیاسیی کۆنەوە که لە بەکرەجۆ بوون نەبوو. لەسەر ڕاسپاردەی برادەرانیشمان کە بەردەوام خەبەریان بۆ دەناردین نابێ نە بۆلای حکومەتی ئێراق نە بۆ لای برادەرانی بەکرە جۆ بچین بۆ ئەوەی حەساسیەتی بارزانی و بەرێوەبەرانی شۆڕش بەرانبەر بە خۆمان بریندار نەکەین. ڕاست لەو کاتەدا شەهید سولەیمان موعینی و برادەران هاتن بۆ کوێستانی جەماڵەدینی نێوان گوندی هێرۆ و بێوران و لە چادری سمایل ئاغای برای حاجی ئاغارا شەهید سولەیمان نامەیەکی بۆ ناردم و دەڵێ ئەگەر بتوانی عەوڵای براشم بێنی و حاجی ئاغای تەشریفی بێت زۆرم پێ خۆش دەبێت و لێرە یەکتر ببینین. ئێوارە من و حاجی ئاغا و چەند پێشمەرگە چووینە لایان. چوار سەعات زیاتر شەهید سولەیمان، شەهید مەلا مەحمود زەنگە، شەهید مینەشەم، و نەمران حاجی ئاغا و سمایل ئاغا و خۆم لەسەر گەڕانەوەیان قسەمان کرد.



ئەم وێنەیە لە سەرەتای پێشمەرگایەتیی ڕەسووڵی پێشنەماز گیراوە.

لە ڕاستەوە: مینەشەم، مەلا ڕەحمانی سەرشیوی سەقز، مقەددەم عەزیز عەقراوی (ئازاترین کەسی هێزی بارزانی لەو زەمەندا بوو. لە حاجی عومەرانەوە تا هەولێر لەژێر فەرماندەیی ئەو بەڕێوەدەچوو)، ڕەسووڵی پێشنەماز و ئەحمەدی پیرەژنی.

ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینییدا لە ناوچەی بەرزێوە لە لایەن سولەیمانی مۆعینییەوە گیراوە.

حاجی ئاغا گووتی منو جەنابی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود وحاجی شێخ حوسێنی بۆسکێن و کاک هەباس ئاغای ئاکۆو مام کوێخا سمایلی تەلانێ و بایز ئاغای گردەسپیان و مینا ئاغای گڕبداغ و چەند کەسی دیکە نامەی کاک ئیدریسمان بۆ هاتووە و لەسەر داوای بارزانی هەتا چوار ڕۆژی دیکە دەبێ هەموومان بچین بۆ حاجی ئۆمەران بۆ لای بارزانی. هەرلەو دانیشتنەدا شەهید سولەیمان نامەیەکی چوار لاپەڕەیی بۆ بارزانی نوسی و بۆی خوێندینەوە و لە هەموویدا هەر بە ناوی بابە


گەورە  یا بابی کوردان ناوی دەبا و دەڵێ ئەمن تەنیا لە ترسی ڕادەست کردنەوە خۆم پەنا داوە و هاتوومەوە ناو خزمو کەسوو خەڵکی خۆمان دەنا نیازی هیچ کارێکی دژی جەنابت و شۆڕشی کوردمان نیە، منو هەڤالانم لە هەموو کەس زیاتر باوەڕمان بە خۆتو بە شۆڕشەکەتەوە هەیەو شەڕی سپی سەنگیش شتێک بوو بەسەرماندا سەپا. عەبدوڵڵای براشم کە لەو شەڕەدا بریندار بوە لەوناوەیە نازانین بۆ چارەسەری بینێرین بۆ کوێ. لە سەر دەستی کاک حاجی ئاغای هێرۆ کە باوەڕ پێکراوی جەنابتەو دۆستی لەمێژینەی ئێمەشە هەر شوێنێکمان بۆ دیاری بکەن لەسەر بڕیاری شەخسی  خۆت ئێمە ئامادەین بگەڕێنەوە خزمەت جەنابت، بە ئاگاداری حاجی ئاغا لەو ناوەیەین هەتا جەنابت ئەمر دەفەرموون بۆ گەڕانەوەمان.



وێنه: نهمر حاجی محمود ئاغای هێرۆ
********************************

هەرئەو شەوە بڕیاری ئەوەماندا منو عەبدوڵڵا لەو ناوە بە پشتیوانی پێشمەرگەکانی حاجی ئاغا و خەڵکی هێرۆ چەند رۆژ لەوناوە خۆمان حەشار دەین و بڕینپێچی خەڵکی گوند (هێرۆ) کە ناسیاوی هەمووومان بوو برای مامۆستا مەلا حەمەدەمین دەرمانی بکاو ئەگەر وڵامی بارزانی نەبوو حاجی ئاغا نامە بۆنەمر شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بنوسێ و ئێمە بەو هەموو خەتەراتی حکومەتی ئێراق و پێشمەرگەی شۆڕشدا

بڕۆین بۆلای جەنابی شێخ لە داری کەلێ ناوچەی بازیان



شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی بەرزەنجی.

## بەرەو سلێمانی و داریکەلی پێگەی نەمر شێخ لەتیفی حەفید

کە پاشان هیچ خەبەر نەبوو بە نامەی حاجیاغای هێرۆوە ئێمە بەرەو مەڵبەندی سلێمانی کەوتینە ڕێ. هەتا ئێرەو پێش شەڕی سپی سەنگ نە باسێک لە کومیتەی ئینقلابی هەبوو نە باسێک لە کومیتەی ئینقلابی حیزبی تودە هەیە وەک د. جەلالی لاشایی و هەڤاڵەکانی کە لە بەکرەجۆ بوون، نە یەک کەس لە ئێمە پەیوەندی بە هیچ شوێنێکەوە گرتوە. نەمر کاک سەعید گوێستانی کە گوایا ئەندامی کومیتەی ئینقلاب بوە لەلای گوندی خەلان و زینوێ شێخی لەگەڵ مەلا محەمەدی خزری و فەقێ برایم و زۆری دیکە لەژێر غەزەبی پاراستن و سەعید مەسیف دابوون، کاک مینەی سیراجی و شەهید مەلا ئاوارەو شەهید سمایلی شەریفزادەو کاک سالاری حەیدەری لە شوێنێک بوون بە ناوی گەڵوەڕەز لە پشت ماڵەکانی گوندی سونێ.

هەروەک لە پێشەوە باسم کردوە کاک حەسەنی ڕستگار لە گوندی بەستێ خۆی مەڵاس دابوو خوا خوای بوو بەهانەیکی پێ نەگرن، شەهید قادر شەریف و کۆمەڵێکمان لە بەکرەجۆ لای مەکتەبی ساسی کۆن بوو، شەهید سولێمانی موعێنی لەو کاتەدا هەموو داواو تەکلیفی لە من ئەوە بوو جگە لە چارەسەری عەبدوڵای برای دەبێ بە بەردەوام دەفکری ئەوە دابم ڕێگایکی گەڕانەوەیان بۆ ناو شۆڕش بۆ بدۆزمەوە، هەتا ئێرە سێ جارمان نامە ئاراستەی بارزانی و ئیدرسی کوڕی بۆ گەڕانەوە کردوە. یەکەم نامە لە گوندی گەڵوەڕەزی پشتی سونێ ڕا بە واژۆیی من و شەهید مەلا ئاوارەو شەهید سمایلی شەریفزادەو نەمر کاک حەمەدەمینی سیراجی و سالاری حەیدەری و چەند برادەری دیکە بوە کە بەداخەوە نێوەکانیانم لە بیر نەماوەن. بەدوای نامەی گەڵوەڕەزدا من و شەهید مەلا ئاوارەو سالاری حەیدەری بە نوێنەری برادەران چوینە لای شەهید سولێمان و برادەران لە گوندی پشتی ئاڵیەمەران کە لەوێدا شەهید سولێمان لە هەمویان زیاتر بەپەلەبوو بۆ گەڕانەوە، سێیەم هەوڵمان لە شارۆچکەی سەنگەسەر کاک ئەمیری قازی و کاک حەسەنی ڕستگارو شەهید سەید ڕەسوڵی بابی گەورەو نەمر سەید ڕەسوڵی ورچان و سالار هەورامی و شەهید ڕێبوارو هەموو پێشمەرگەکانی خۆمان بوون لە هێزی کاوە کە نزیک بە سی کەس دەبوون. ئەو نامەیەش لە زۆر شوێندا باسی کراوەو بڵاو بۆتەوە، لەو نامەیەشدا ڕەخنە لە هەڵوێستی بەڕێوەبەرانی شۆڕش گیراوەو داوا کراوە ڕێگا بدەن برادەرانمان بگەڕێنەوە. چوارەم داواو نامە ئەو نامەیە بوە کە لە گوێستانی جەماڵەدینی پشتی بێوران بە بەشداری نەمر حاجی مەحمود ئاغای هێرۆو نەمر سمایلائاغای برای و شەهیدان مەلا مەحمود زەنگەنەو شەهید مینە شەم و خۆم وە شەهید کاک سولێمان نوسیویەتی و داومانە بە نەمرحاجی محمود ئاغای هێرۆیە بۆ بارزانی.




وێنە: ڕەسوڵ پێشنماز، نەمر حاجی محمود ئاغای هێرۆ، شەهید سەید ڕەسوڵی بابی گەورە
*************************************

## ڕاونان و زەختی زیاتر لەسەرمان

بەدوای ئەو هەموو هەوڵوو نامە نوسینانەداو ڕۆیشتنی منو شەهید عەبدوڵای موعێنی بەرەو سولێمانی و نەمر شێخ لەتیفی شێخ مەحمودا لە جیاتی گەڕانەوەمان هێندێک لە هەلپەرستانی ناو شۆڕشو بەشی پاراستن لێمان هروژانو دەستیان کرد بە تەشقەڵەو گرتنو ڕاونانی برادەرانمان. نەمر کاک حەمەدەمینی سیراجی و شەهید کاک سمایلی شەریفزادەو کاک سالاری حەیدەریان لە شیوەڕەزڕا وەک دەست بەسەر هێنانە خوار بۆ سەنگەسەر. شەهید مەلا ئاوارە بەهەر شێوەیەک بوو خۆی نەجاتداوو گەیشتەوە ناوچەی ئالانی سەردشت، کاک حەسەنی ڕستگاریان لە گوندی بەستێ گرت و بەرەو دوڵی شەهیدانیان بردوو بە نامەی توندی هەموو پێشمەرگەکانو ناڕەزایەتی دەربڕینیان بۆ حەسۆ میرخان هەرچۆنێک بوو خۆی دەرباز کرد. وەک ڕاستی با ئەوەش بۆ مێژوو ڕوون بێتەوە ئەگەر ئەو برادەرانەی ئێمە کە لەسەرەوە ناویان هاتوە لەلای هێزی کاوەو نەمر کاک حەسۆ میرخان نەبان لەهەر هێزێکی دیکە بان لەوانەبوو ڕادەست بکرێنەوە. هەرچەندە ناوەندی جوڵانەوەی ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بەشی

هەرە زۆری لە ناوو مەلبەندی هێزی کاوە دابوو مالْم حەقە لەو بارەوە کاک حەسۆ میرخان زۆری خۆ دەپاراست لە ڕادەست کردنەوەی ئێمە.



**حەسۆی میرخان**

ئامر هێزی کاوە لە شورشی ئەیلول لە ناوچەی پشدەر.

هەر بۆیەش لە کاتی دەسەڵاتمانداو لە ڕێگای کاک کەریم ڕەشاشەوە سێ جار لە مەهاباد هات بۆ لاموو هەرچی لە تواناماندا هەبوو خزمەتم پێکرد، بەڵام جارو بارە برادەرانی ئێمەی زیندانی دەکردو ئەزیەتی دەدان. لەو کاتەدا کە ئەو توندوو تیژیانە بەرامبەر بە برادەرانی ئێمە دەستی پێکرد من و شەهید عەبدوڵای موعێنی بە بریندارییەوە بە شەوو نیوە شەوو بەرێگاوە بوین بۆ لای نەمر شێخ لەتیفی حەفید.



مەلا رەسوڵ پێش نماز (نووسەر) لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک - گوندی سیتەک - ماڵی شێخ لەتیف

کاتێک ئێمە گەیشتینە دەوروبەری گوندی مەرویَ لە شارباژێر پێشمەرگەکانی پارتی ئەحمەد خانی ئەحمەدی برای تەڵا خانمی شێخ لەتیفیان گرتبوو لە دیوەخانی مەرویَ دەست بەسەریان کردبوو هەر لەبەر ئەوەی کە کوردێکی ڕۆژهەڵاتە. شەوو دەرفەتی هێنابوو تفەنگی لەدەستی پێشمەرگەی نیگەهبان دەرهێنابوو تەقەی کردبوو هەڵاتبوو بەرەو ئێران و خۆی ڕادەستی ڕژیمی شای ئێران کردەوەو پاشان بوو بە خۆفرۆش و بە شێوەی باشوری کوردستان خۆفرۆشی بوو بە نەریتێکی کوردی ڕۆژهەلات.

ئەوانەی ئەو هەموو پڕۆپاگەندەیان بۆ ئێمە هەڵبەست و ئەو هەموو بوختانانەیان بۆ ئێمە ساز کرد ڕۆژێک لە ڕۆژان مێژوو خەتێکی ڕەشیان بەناو چاوانەوە دەنێتوو هەموو حەق و ناحەقێک ڕوون دەبێتەوە. ئەگەر ئێمە پەیوەندیمان بە بەکرەجۆ یان حوکومەتی ئێراقەوە هەبوایە بۆ بەو هەموو مەترسی و گیان لە خەتەر هاویشتنە وە بەسەر ئەو هەموو پایەگایانەی حکومەتی ئێراقدا پەنامان دەبردە بەر ماڵی نەمر شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بۆ چاک بونەوەی شەهید عەبدوڵا موعێنی.

کاتێک ئێمە لە ڕێگای کاکە ڕەشەی قاچاخچیەوە بە هەزار بەدبەختی و ترس و خۆفەوە خۆمان گەیاندە شاری سلێمانی و بەدزیەوە برین پێچی کوردیان هێنایە ماڵی کاکە ڕەشەو چەند ڕۆژ دەرمانیان کرد. لە حاڵێکدا ئەوکات ئەو هەموو برادەرەی من کە لە بەکرەجۆ بوون داوایان کرد بچم بۆلایان بەڵام من لە وەڵامدا پێمڕاگەیاندن لەگەڵ

ئەوەی خۆشیشم دەوێن ئێمە نیازی ئەومان نیە نە بۆلای ئەوان و نە بۆلای حکومەت بچین. ئەگەر ئەوان پێیان خۆشە با بێنە لای ماڵی کاکە ڕەشەی قاچاخچی.



وێنە: شەهید سولێمان و نەمر کاک ڕەشید فەلاحی ناسراو بە رەشەی قاچاخچی.
*************************************************

وابوو پاشان کاک ڕەئیس حەمەدەمین کە بەرپرسی بەکرەجۆ بوو هات بۆلامان و گوتی ئەگەر هەر کارێکتان بە ئێمە بێ ئامادەین بۆتان بە ئەنجام بگەینین سپاسمان کردن و بۆ بەیانی خەبەرمان وەرگرت کە لەرێگای بایز ئاغای محافزی ئەوکاتی سلێمانی هاتنی ئێمەیان بۆ شاری سلێمانی پێگەیوەو بە ئەمنو موخابراتەوە لێمان دەگەرێن بۆ ئەوەی بمانگرن

ئەوەش بۆخۆی داستانێکی درێژی هەیە کە ئێمە لەو گرتنە چۆن ڕزگار بوین.
کورێکی قەڵادزێیی بە ناوی عەبەی مەشکە ڕەش ئەمن بوو لە شاری قەلادزێ گیرا و بردیان بۆ گوندی سونێ، کە ئەوکات زیندانی شۆڕش بەدەستی برادەرانی ئێمەوە بوو شەهید عەبدوڵای موعێنی لێیی بەرپرس بوو، خزمانی ئەو کوڕە پەنایان هێنا بەر منو پێیان ڕاگەیاندم کە قەرارە عەبە ئیعدام بکرێ، پەیوەندی و خزمایەتیشیان لەگەڵم هەبوو منیش نامەم بۆ شەهید عەبدوڵا نوسی و ئەویش لە مردن ڕزگاری کرد. ئەو

کوڕەش دوای چەند ساڵ بە ئەمەگناسی ئەوەی کە من بوم بە هۆی نەجاتدانی لە ئیعدام ئەو خەبەرەی بە من ڕاگەیاندوو بەو پەڕی دڵسۆزیەوە ئێمەی لە ناو شار هێنا دەر بەرەو داریکەلی و مەڵبەندێ نەمر شێخ لەتیف. بۆ ڕوون بونەوە عەبە بۆخۆی یەکێک لەو کەسانە بوو کە بەدوا گرتنی ئێمەوە بوو. بە گەیشتنمان بۆ داریکەلی و خزمەت نەمر شێخ لەتیف هەر خوا دەزانێ چەندە ڕێزیان لە ئێمە گرت، بۆ بەیانی ناردی لە شاری سلێمانی ڕا دکتوری تایبەتی خزمی خۆیی هات و بۆ ماوەیک چەند جار تەداوی کرد هەتا بە خۆشیەوە شەهید عەبدوڵا چاک بۆوە.



مەنسوری شێخ کەریم-عەبدوڵای موعینی-بابە تاهیری شێخ جەلال-مەلا رەسولْ-داریکەلی 1968

پاش ماوەیک ئێمە هەموو لایەکمان بە نەمر شێخ لەتیفەوە هاتینە گوندی سیتەک خەبەرمان وەرگرت کە پێشمەرگەکانی پارتی لە چەند لاڕا چونە دەوروبەری گێوەکانی بێوران و قەڵە ڕەشێ و ئەو ناوە شان بە شانی ژاندارمەکان لیباسی ئەرتەشیان دەبەرکردوەو تاقیبی برادەرانی ئێمەیان کردوە. لە زۆر شوێنی هەوارچیەکان شێرە ژنەکانی ئەو ناوە کە زانیبویان ناسیبویانەوە کە ئەوانە ئینسانی وەک عەبدوڵا ئاکۆو مەلۆو چەند کەسێکی دیکەیان لەگەڵەو هاتوون بۆ بەگژ داچونی ئێمە زۆر قسەی نەشیاوو خراپیان پێ گوتبوون. ڕۆژێک لە سیتەک شەفیق لایەن کە نوێنەری بارزانی بوو بەخۆیوو بە زیاتر لە سەد کەسەوە هات بۆ ماڵی شێخ لەتیف

دوو سەرلقی زۆر قارەمانی بە ناوی عەزیز ئەتروشی و شێخ محەمەد لەگەڵ بوون کە بەداخەوە پاشان بیستم کە هەردوکیان شەهید بوون. لەنێوان قساندا نەمر شێخ لەتیفی ڕەحمەتی گوتی شەفیق ئێوە عەیب ناکەن ئاوا دەو کوردە ئێرانیانەی حیزبی دێموکراتتان هەڵکێلاوە؟؟

لە وەڵامدا وتی قوربان ئەوە ئەوانن دەیانەوێ لە پشتەوەڕا خەنجەر لە ئێمە بدەن و چونەوە بۆ ئاژاوە نانەوە. شێخ فەرمووی ئەو هەموانەتان لێ گرتوونوو کوشتونوو ڕادەستی ئێرانیشتان کردونەوە هێشتا دەشتانهەوێ کە لەبەر دەستتان ڕانەکەن! وە حەقیان نیە بچنەوە وڵاتی خۆیان؟؟ پیمناڵێیی چ کارێکی خراپیان دژی ئێوە کردووە؟؟ گوتی قوربان ئەوانە پەیوندیان بە حکومەتی ئێراق و جلەو بلەوە هەیە.

شێخ فەرمووی بەڕاستی شەفیق درۆ یا نابێ بکرێ یان دەبێ وەک ئێوە بکرێ. ئەدی ئەگەر ئەوانە پەیوەندیان بە حکومەتی عێراق و مەکتەبی سیاسی کۆنەوە هەیە(ئیشارەی بۆ ئیمە کردو) بۆچی ئەو دوو پیاوە پەنایان بۆ ئێمە هێناوە؟؟ تەواوی عالەمەکە هەموویان ڕوویان بۆ لای من و شەهید عەبدوڵا وەرگێرا ئیتر شێخ فەرمووی شەفیق ئەوەیان مەلا ڕەسوڵی مەهابادیەو جێگری فایەق ئەمینە ئەوەی تریشیان عەبدوڵای برای فایەقەو مەلا ڕەسوڵ بە بریندارای هێناویە بۆ لای من، هیچ پەیوەندیشیان نە بە ئێراقەوە هەیە و نە بە مەکتەبی سیاسی کۆنەوە هەیە، بە نامەی حاجی مەحمود ئاغای هێرۆوە هاتوون بۆلای من. ئەگەر وەگی ئێوە دەڵێن هیچ پەیوەندی و دەراوێکی ڕوونیان هەبایە بۆچی دەهاتن بۆ لای من. ئەوجا گریمان پەیوەندیان بە عێراقەوە هەبێ بۆ مەگەر ئێوە وەکیل و برابەشی شای ئێرانن؟؟ دوای ئەوەی کە کاک شەفیق زۆر خەجاڵەت( تەریق) بۆوە کاک عەزیز ئەتروشی و کاک شێخ محەمەد زۆر ئازایانەو کوردانە دیفاعیان لە ئێمە کرد.



مستەفا بارزانی و شێخ لەتیفی حەفید

*******************************************

لەسەر دەستی نەمر شێخ لەتیف بڕیار درا بەرقیە بۆ بارەگای بارزانی بکرێ و داوای گەڕانەوەی شەهید سولێمانی موعێنی بکرێ، لە گوندی گەورە دێرا ئەو بەرقیە بۆ بارزانی لێ بدرێ. هەرکات وڵام هاتەوە من ونەمر فەقێ محەمەد گۆمانی (مەلا چەتە) کە لەوکاتیدا بە نامەی شەهید سولێمانەوە هاتبوو بۆ لای من وێکڕا بڕۆین بەدوای برادەراندا بە ماوەی مانگێک هەموویان بگێرینەوە بۆ باشووری کوردستان و نەمر بارزانی هەر شوێنێکمان بۆ دیاری بکا بچین. لە نامەی شەهید سولێمانیشدا کە فەقێ محەمەد بۆ منی هێنابوو



وێنە: نەمر فەقێ محەمەد (مەلا چەتە)
***********************************

نوسی بووی لە ڕێگای جەنابی شێخ لەتیفەوە هەرچی بۆتان دەکرێ بۆ گەڕانەوەمان درێغی مەکەن، ئەوەش کە بوو بە چوارەمین هەوڵدانمان بۆ گەڕانەوەمان بەڵام لە لایەن ئەوانەوە(بارزانی) هەر جوابی رەدمان وەردەگرتەوە. لەوکاتەشدا شەهید سمایلی شەریفزادەو نەمر کاک حەمەدەمین سیراجی دوای ئەوەی کە هێنابویانە خوارێ و بێزێزیان پێ کردبوون، بۆ خۆ پەنادانو دوورکەوتنەوە لەو گێژاوە خۆیان گەیاندبۆ شاری بەغدا چونکە ماڵی مامی شەهید سمایلی شەریفزادە لەوێ بوو. کاک سالاری حەیدەری ڕۆیشتبوو بۆ گوندی خەلان کە خزمایەتی لەگەڵ شێخەکانی زینوێ و خەلان

هەبوو. ئێمە ماوەیکی باش چاوەڕوانی وڵامی نامەی بارەگای بارزانی بووین هیچ وڵامیان نەدابینەوە، دروست لەوکاتەدا لە گێوەکانی ئاڵیەمەران و ئاڵوەتان و بناری قەندیلەوە هێرشی سوپای ئێران و ژاندارمەکان شاخ بە شاخو گێوو بە گێوو دەستی پێکردوو تاقیبی برادەرانی ئێمەیان دەکرد. بەدوای ئەوەدا ئەو پۆلە پێشمەرگەی ئێمە کە چەند ساڵ بوو لە ئێختیاری هێزی کاوەمان نابوون بەسەرپەرستی نەمر سەید ڕەسوڵی ورچان و شەهید ڕێبوار و هەموویان بە چەکەکانیانەوە خۆیان گەیاندە برادەرانی ئێمە لە ناوخۆی وڵات. شەهید مەلا ئاوارەش کە لە ناو هەستە نەهێنیەکانی خۆی لە ناوچەی ئالان بە نەهێنی مابۆوە ڕەگەڵیان کەوت. هەتا ئێرە شەهید قادر شەریف کە لە لای برادەرانی بەکرەجۆ بوو چکۆڵەترین پەیوەندێکی بە برادەرانی ئێمەوە نەبوو.



قادر شەریف


تەنیا لە برادەرانی ئێمە ئەوەی لە پێش جیابونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە بارزانی کە پەیوەندی راستەوخۆی بە وانەوە هەبوو شەهید مەلا ئاوارەو قادر شەریف بوون. دەنا شەهید سولێمانی موعێنی نەک هیچ پێوەندی لەگەڵیان نەبوو بەڵکە بەهۆی خۆشەویستی بارزانیەوە لەگەڵ شەهید ئەحمەد تۆفیق تا کێشی هاتوە دژایەتیشیان کردوون. ئیتر ئەو بوختان و درۆو دەلەسانە چیە. بۆ پاکانە لەو هەموو خەیانەت و نا ئینسانیەیەی کە لەگەڵ ئێمەیان کرد ئەو شتە نا ڕەوایەیان هەڵبەستوە. تەنانەت کاک مەسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا بۆ پاکانە کردن لەخۆیان دەڵێ ئێمە فایەقمان کوشت بەڵام هەڵە بوین، هەر لەوێدا دەڵێ فایەق لە دژی ئێمە لەگەڵ جاشەکانی ٦٦ بوو، ئەو نوسراوەی کاک مەسعودیش فری بەسەر ڕاستیەوە نیە چونکە شەهید سولێمانی

موعێنی نە چاووی بە بەکرەجۆ کەوتووە نە بۆ یەک جاریش لەگەڵ وان دانیشتنی بووە. تەنانەت ئاخر سەفەریشی بۆ سلێمانی کە سەریشی لەسەردانا هاتبوو بۆ لای نەمر شێخ لەتیفی شێخ مەحمود و حیزبی شوعی عێراقێ بۆ ئەوەی رێگا چارەیەک بۆ نەجاتی منداڵەکانی بدۆزێتەوە، وە پەیوەندیش بە برادەرانی خۆمانەوە بگرێ. هەر لەو کاتیشدا بەداخەوە لە داوی قادر تەگەرانی کەووت کە چەند ساڵ پێشتر زۆر هاوکاری کردبوون، بەڵام بێ خەبەر بوو لەوەی کە قادر تەگەرانی پەیوەندی بە بەشی پاراستن و دەزگای مەخابەراتی عێراقەوە هەبوو، وە هەر لەو رێگایەشەوە بەهۆی سەدیق ئەفەندی خۆفرۆشەوە لە داوێنی گوندی سیتەک گیراو ڕەوانەی بارەگای بارزانیان کرد. بەخۆشحالیەوە هەم سەدیق ئەفەندی هەم قادر تەگەرانی تۆڵەی ئەو خەیانەتەیان لێ کرایەوە کە لە شەهیدان سەلێمانی موعێنی و خەلیل شەووباشیان کرد.





وێنە: شەهیدان خەلیل شەوباش و سولێمان موعێنی
*****************************************

راست لە کاتی دە داوو کەوتنی شەهید سولێمانی موعێنی نامەیکی نەمر شێخ لەتیفم پێگەیشت کە ئیشارەی بەوەی کردبوو "بەداخەوە کاک سولێمانی موعێنی توشی ئینسانی خەراپ بوە" مەبەستی لە قادرتەگەرانی بووە.



وێنەی قادر تەگەرانی بە دوو شێواز
*******************************************

نامەکە لە کتێبەکەمدا هەیە تاریخێ ١٩٦٨ی لەسەرە حەوتویەک دوای نامەی نەمر شێخ لەتیف بەداخەوە کاک سولێمان دە داوو کەووت.



## نامەیەکی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی بەرزەنجی[136]

برای دلسوز کاک ملا رسول

هردو چاوە گشە رشەکانت ماچ اکەم لە خوا تمنا اکەم صحتان باش بی نامە شیرنەکت هات مع الأسف جوابەکەی تأخیر بو طلبی عفوت لی اکەم هەوالت پرسیبوم حالی حاظر هر لە سیتەکم خانوکەم تواو بوە بە روژ بە راو بە شەو کتیب اخوینمەوە زور بی خبرم لە دنیا هاوریکانت[137] خویان لە ایمەش حشار داوە وابزانم بە هلەدا چون تکایە احتراماتم بە خذمت نوری چاوما حاجی اغا[138] بگەینە

جار جار هەوالی صحتی خوتم بو بنوسە حاجی توفیق و همو پیاوەکان عرض احترامیان هیە

مام وثمان ایستا خزمیکی چوتە لای لە خوی خراپترە کە اکوکی پلاماری مام وثمان ادا هتا ایستا چند جار سری یکیان شکاندوە

٦٨/١/٢٧

برات لطیف شیخ محمودزادە

---

[136] ڕەسووڵ پێشنەماز: نزیکەی دوو حەوتوو پاش ئەوەی ئەم نامەیەم لە لایەن شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی بەرزەنجییەوە بەدەست گەییشت، سولەیمانی مۆعینی کەوتە داوی قادر تەگەرانییەوە.

[137] ڕەسووڵ پێشنەماز: مەبەست سولەیمانی مۆعینی و محەممەد ئەمینی سیراجییە.

[138] ڕەسووڵ پێشنەماز: مەبەست حاجی مەحموود ئاغای هێرۆیە.



پێشەوە مەلاڕەسو، پشتەوە لای ڕاست شەهید عەبدولا موعێنی، لای چەپ پشتەوە بابا تاهیری شێخ جەلالی حەفید گوندی سیتەک 1968

*******************************************

بە بوونی ئەو هەموو بەڵگەو دەلیلانەوە وە بە پەنا بردنی من و شەهید عەبدوڵای موعێنی بۆ لای نەمر شێخ لەتیف و زیندوو بوونی خۆشم وەک شاهیدێکی عەینی و زەینی وە ئەو نامانەش کە شەهید سولێمان بۆ بارزانی و ئیدریسی نوسیوە بەتایبەتی ئەو وتوو وێژەی نۆزدە ساڵ پێش ئێستا نەمر کاک حەمەدەمینی سیراجی لەگەڵ کاک عەلی کەریمی کردویەتی لەبارەی شەهید عەبدولرەحمانی زەبیحیەوە بە شاهیدی من و کاک سەید حەسەنی هاشمی و کاک حەسەنی سەیفی قازی کە لە سەر نەوار تۆمار کراوەو لە یوتوبیش هەیە دەتوانن ببینن، کاک حەمەدەمینی نەمر زۆر ڕاستگۆیانە تیکراری دەکاتەوەو دەڵێ لەگەڵ ئەوەی حکومەتی عێراق و برادەرانی مەکتەبی سیاسی کۆن زۆریان هەوڵدا کە ئێمە پەیوەندیان پێوە بگرین بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە زۆر بێ پشتیوانو یارمەتی بوین هیچ پەیوەندیکمان لەگەڵ نەگرتن. چاوەڕوانم کاک عەلی کەریمی ئەوو وتوویژەی کاک حەمەدەمینی بپارێزێ و زیاتری بڵاوو بکاتەوە. تۆمەتوو بوختانەکانی بەڕێوەبەرانی شۆڕشیش با لێ گەڕێن بەڵام هێندێک کەسانی خۆمانو تودەکراتەکان و خەڵکی دیکە مارکی تودە بوونو سازمانی ئینقلابی حیزبی تودەو ئەو شتانە بەو جوڵانەوەیەوە دەلکێنن کە ئەسڵو ئەساسی نیە. بەڵام لەرێگای کاک کەریمی حیسامیەوە حیزبی توودە ویستوویانە پەیوەندی بە برادەرانی ئێمەوە بگرن و بەهۆی برادەرانی ئێمەوە بتوانن دەنگیان بگاتە وڵات. شەهید سولێمانی

موعێنی لە دانیشتنی بەغدایان کە نەمر کاک کەریمی حیسامی و د. رضا رادمنش سکرتێری حیزبی تودە بە شەهید د. قاسملوو دەڵێ ئێمە کاک کەریمی حیسامیمان وەک ئەندامی حیزب قبوڵە بەڵام ئەتۆ هەم شتی کۆنت لەسەرە هەمیش هەتا ئێستا بە ئەندامی حیزبی توودەت دەزانین.




د. رضا رادمنش بەرێوەبەری حیزبی تودەی ئێران
*******************************************

دەبێ پێش هەموو شتێک ئیستیعفا لە حیزبی توودە بدەی ئەوکات هاوکاریت دەکەین. هەر بەدوای شەهید بوونی هەڤاڵانمان سولێمان و عەبدوڵای موعێنی، مینە شەم، مەلا مەحمود زەنگەنە، باپیر شکاک(نەحۆ)، سمایلی شەریفزادە (مەلا عەزیز) دا حیزبی توودە بەشێوەیکی زۆر بەرچاووتەنگی و بێ بەزەیی بەرانبەر بە حیزبی دێموکڕات لەجیاتی هاودەردی و پشتیوانی، لە ئۆرگانەکانی خۆیاندا بڵاویان کردەوە "با ئەندامانی حیزبی دێموکڕات بێنە ناو حیزبی دایکەوە" کە مەبەستیان خۆیان بوو. ئەوە لە کاتێکدا بوو ئێمە بەو هەموو نسکۆو چەرمە سەری و موسیبەتانەی کە بەسەرمان هات حزورمان لە ناوو خەڵکی خۆمانداوو وڵاتی خۆماندا هەر هەبوو، بەڵام حیزبی توودە لە قالبی عەمەلدا نە جێگەیان هەبوو نە پێگە.

## کومیتەی ئینقلابی

بێمەوە سەر باسی کومیتەی ئینقلابی کێ بوون و چ دەورێکیان لەوو جوڵانەوەیەدا هەبوو. هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتایی دا نەمر سەعید گوێستانی(کاوە)، سەنار مامەندی، سالار حەیدەری خۆیان ڕادەستی ئێران کردەوە. مەلا عەبدوڵای سەرباز نە ئەودەمو نە پاشان کەس نەیزانی لە کوێیەو چ کارەیە، ئەوەی لەو کومیتە مانەوە شەهید مەلا

ئاوارەو نەمر کاک حەمەدەمینی سیراجی بوون. شەهید مەلا ئاوارەش هەر دوراودوور هەڵیانبژاردبوو بەبێ ئەوەی کە بەژداری کۆبونەوەی کردبێ، بەڵام لە عەمەلدا یەک تۆزقاڵ باوەڕی بەو کومیتەیە نەبوو، نەمر کاک حەمەدەمینیش نە قەتم لێ بیست باسی کومیتەی ئینقلابی بکا، نە بۆ یەکجاریش یەک کۆبونەوەیان کرد ئیدی ئەو پڕۆپاگەندەو و شایەعانە هەر لەخۆیان جوانە.
حکومەتی ئێراق کە ئەوکات عەبدولڕەحمان عارفی برای سەلام عارف بەڕێوەبەری دەکرد زۆریان هەوڵدا پەیوەندی بە شەهید سولێمانی موعێنیەوە بکەن، تەنانەت لە ڕێگای برایم ئاغای برای هەباسی مامەند ئاغاوە لە قەڵادزە هات بۆ ماڵی خدری ئاغا ژنە ئایشێی خوشکی کە ماڵیان نزیک مزگەوتی خانەقا بوو




*******************************************

بە دوای منی دا نارد لەگەڵ دۆستی زۆر خۆشەویست و نەمرم کاکە حاجی محمود ئاغا چوین و گوتی ئێمە وامانزانیوە ئەتۆ زۆر لە کاک فایقەوە(شەهید سولێمان) نزیکی و ئەمن ماوەیەک پێش عبدلرحمان عارفم دیتوەو گوتویەتی ئێمە ئامادەین هەموو یارمەتی ماڵی و چەکیان بکەین و بۆشیان دێنین بۆ ئەو ناوە. ئەمن داوای

مۆڵەتم کردو لە ڕێگای شەهید حەمەدەمینی مەلا عەزیزەوە کە پێشمەرگە بوو لای نەمر حاجیاغا بە نامە شەهید سولێمانم ئاگادار کرد. لە وڵامدا گوتبووی بە هیچ جۆر ئەو کارە نابێ بکەن چونکە ئێمە لە چەند لاڕا ئەوە هەوڵمان داوەتەوە بۆ پەیوەندی گرتن بە بارزانیەوەو ئەگەر ڕێگامان بدا دەگەڕێینەوە.



پێشەوە:کاک حوسێنی مەدەنی، مەلاڕەسول، حەسەن ڕستگار. پشتەوە سەید فەتاحی نیزامی، ڕەحمانی شێلمجاران

********************************************

ئەو باسەم کاتی خۆی جارێک یا دوو جار لەگەڵ کاک حەسەن ڕەستگار باس کرد دەنا هەر لای خۆم ماوەتەوەو کاک حەسەنیش تکای لێ کردم و گوتی نە وەدوای کەوە و نە باسی بکە، ئەمن لەبەر دڵسۆزی برایم ئاغاو ئەو پەیوەندیە لەمێژینەی کە بە نەمر هەباس ئاغام هەبوو چوومە ڕانیە ماڵێ کاک برایم ئاغا و جیامکردەوە پێم ڕاگەیاند و گوتم لەگەڵ ئەوەی برادەران زۆریان سوپاس کردوی بەڵام ئامادە نین هیچ پەیوەندیمان بە حکومەتی ئێراقەوە هەبێ و نایانهەوێ کێشە بۆ شۆڕشی باشووری کوردستان پێک بێ. لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ: ئایا ئەگەر ئێمە کە ئەوان پێمان ڕازی نەبوون و ڕاویان ناوین و زۆرەها گۆڵمەزەیان بەسەر هێناوین و ڕامان کردۆتەوە بۆ ناوو خەڵکی خۆمان ئەگەر دۆستێک پشتیوانێک یارمەتی دەرەکیمان هەبا چ زیانێکی بۆ ئەوان هەبوو؟؟ بۆ ئەوان ئەوکاتیش و ئێستاش زۆرەها پەیوەندی نا سالمیان هەیەو شۆڕشگێریش دەکوژن و ڕادەستی دەکەنەوە حەقیانە، بۆ ئێمە حەقی پەیوەندی سالممان نابێ هەبێ؟؟ ئەو حەقە کێ بەوانی داوە..

با لە تەواوی ئەو مەودا درێژەی کە زیاتر لە نیوو سەدەیە ئەوان چکۆڵەترین هەڵەیکی بە شێوەی خۆیان لەسەر ئێمە بدۆزنەوە ملم کەچە. بەڵام ئەمن کە ماوەی نزیک بە ٦٠ ساڵە لەو مەیدانەدام و ئاگاداری بەشی هەرە زۆری هەموو ڕووداوەکانیشم، هەم دەتوانم پەنجا نمونەی ئەو خەیانەتانەیان بۆ دەست نیشان بکەم کە بەرانبەر بە خۆیان و بە ئێمەو باقی شوێنەکانی دیکەیان کردوە. چەندە ناخۆشە کە هێندێک کەس کە لەگەڵ بونوو لە نزیکەوە ئاگاداری بەشی زۆری ئەو ناحەقیانە بوون کە بەرانبەر بە ئێمەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە شێوەی ئاشکراو بە هەموو شێوەکانی دیکە لێمان کراوە کەچی زۆر بێ بەزەیانەو ناعادڵانە چاوو لە هەموو ئەو کوشت وکوشتارو ڕادەست کردنەوەو بێڕێزیانە دەنوقێن و دەیانهەوێ پاساو بێنەوە کە گوایا ئێمە ویستومانە لەپشتەوەڕا خەنجەر لە شۆڕش و بەرژەوەندی ئەوان بدەین. با بلێن کام خەنجەر؟ لە تەواوی برادەرانی ئێمە ئەگەر ئەوان بۆیەک کەسمان چکۆلەترین بەڵگەیان هەبێ لەسەر ئێمە با ئاشکرای بکەن. ئاخر هەوڵدانی منوو شەهید عەبدوڵای موعێنی بۆ گەڕانەوەی برادەرانمان لەسەر ڕاسپاردەی شەهید سولێمانی موعێنی ئەوە بوو تازە عەبدوڵا بەرەو چاک بونەوە دەچوو شێخ ڕەزا گوڵانی کە لە ئەفسەرانی شورتەی ڕاکردوی حکومەتی ئێراق بوو زۆر لە لای بارزانیش ڕێزی لێ دەگیرا وە سەردەمێک جێگای شەهید ئەحمەد تۆفیقی گرتبۆوە بۆ پێڕاگەیشتنی کارەکانی بارزانی، هات بۆ سەردانی نەمر شێخ لەتیف و دیاربوو یەگجار زۆر دۆستی شێخ بوو زۆریان گاڵتەو گەپ پێکەوە هەبوو .

لە گوندی دێکۆن کە دەڕوانێتە شاری سلێمانی و باخێکی یەکجار زۆری کاک بابا عەلی برا گەورەی شێخ لەتیف لەو گوندە سازکرابوو وابزانم بۆ ئەوکات کە دەبێتە سالی ١٩٦٧ی زاینی باخێکی بێ وێنە بوو لەوناوە کە دروست کرا، شێخ رەزا بە هەمو تەرتیباتێکی زەوقی خۆیانەوە هاتبوو هەتا سەعات دووی دوای نیوە شەو وتووێژمان لەسەر ئەو حاڵە کرد کە تووشی ئێمەیان کردوە، بۆ مێژوو دەڵێم لەسەر قسەکانی شێخ لەتیف کە بەرانبەر بەو ناحەقیانە دەیکرد کە لە ئێمە کراوە، شێخ رەزاش هەمانبۆچونی هەبوو. ئاخرشت کاکە شێخ لەتیف کووتی رەزا ئەتۆ لای ئەو پیاوە قسەت دەڕوا بچۆ لەقەولی خۆم و خۆتەوە عەرزی بکە با بەقسەی هێندێک کەسی کە لەبن دەستی خۆیدا خۆیان بە ئێران دۆڕاندوە چیتر غەدر لەو برادەرانەی دیموکرات نەکا. ئاخر هیچ نەبێ ئەوانە یادگاری قازی محەمەدو کۆماری کوردستانن


Serokkomar Qazî Mihemmed General Mistefa Barzanî

که ئەوان ئەو پێشوازیەیان لەکاتی خۆی لە خۆیی و لە جەماعەتەکەی کرد، گوتیشی هەر کات بۆخۆی ڕێگای گەڕانەوەیان بداتێ مەلا ڕەسول و برای فایق دەتوانن بە ماوەیەکی زۆر کورت هەمویان بگەڕێننەوەو منیش چەند پیاوێکیان ڕەگەڵ دەخەم .
شێخ ڕەزا هەم زۆری پێ خۆشبو هەم قەولی دا، کەچی ئەویش هەر بێ وەڵام مایەوەو زۆر باشیش دەزانم شێخ ڕەزا بەهۆی خۆشەویستی و حورمەتێکی کە بۆ شێخ لەتیفی هەبوو بەهۆی تێکەڵاویکی کە لە کۆنەوە لەگەڵ برادەرانی ئێمەی هەبوو بە ووردی مەوزوعەکەی بۆ بارزانی باس کردوە، جا با ئەو کەسانەی لەسەر ئەو هەموو بەڵگەو هەوڵو تەقەلایانەی کە ئێمە داومانە بۆ گەڕانەوە هەر بڕۆن و دەبەرانبەر خوێنی بەناحەق ڕژاوی شەهیدان موعینیەکان و ئاوارەو شەریفزادە قادر شەریف و وێردیەکان و باپیر شکاک و( نەحۆ) و مینە شەم و سەید فەتاح و مەلا محەمەد زەنگەنە و ساڵح لاجانی و سولێمانی کەرقەشان و مراد شیرێژ و کاوە مراغانی و قادر لاجانی زۆرەهای دیکەدا، سەری خەجاڵەتی شۆڕکەنەوەو ئارەقەیەکی پڕ لە شەرمەوە بە سەرو گوێلاکیان دا بێتە خوارێ.
قەیناکا هەتا ئێرەش دەکەمە خاتری بەرژەوەندیەکانی وانەوە، بەڵام کاتێک لە سۆماو برادۆستەوە دەست کرا بە شەهید کردنی برادەرانی ئێمە هەتا دەداوکەوتنی شەهید سولێمانی موعینی و خەلیل شەوباش کاتێک ئەو کاک فایقە دووبارە و سەد بارە هاتووە هەم بۆ چارەسەرێکی دیکەو هەمیش بۆ ئەوەی فکرێک بۆ خێزانی و

منداڵەکانی بکاتەوە، داخوا بارزانی بە خۆییو بەو هەموو سەربزێویانەی کە بەرانبەر بە حکومەتی ئەوکاتی ئێراق کردنی و زۆرەها پۆلیس و جاش و خۆفرۆشیان تێدا کوژراو کاتێک دوای کۆمار و پەڕینەوە لە ئاوی ئاراس، ئەوەی ئەوان لەگەڵ ماڵو منداڵی فایق کردیان کە بارزانی بە باوکی خۆی و کوردانی دەزانی، نیوەی نیوو هێندە دووژمن ئەوەی لەگەڵ نەکردن.



شەهید سمایلی شەریفزاد و شەهید سولێمان موعێنی لەسەر دیواری قەڵای کۆیە بە دەستە ڕەنگینەکەی هەنەرمەند کاک شۆڕش ئاهی
*******************************************

ئەو کە لەگەڵ شەهید خەلیل شەوباشێکی بێ تاوانی پێشمەرگە بۆ ئەو کارە هاتەوە بە چ ویژدان و زەمیرێک ئەتۆ لە ڕێگای خەیانەتی قادر تەگەرانی و نامەردی سەدیق ئەفەندی بۆسەی بۆ دادەنێنەوە دەیگرێو ئاوا بە بێ بەزەیانە شەهیدیان دەکەی، پێم ناڵێن ئەو پیاوە کە بە قەولی پرۆپاگەندەی ئێوە پەیوەندی بە حکومەتی ئێراق و بەکرەجۆو عەرەبستانی سعودیەوە هەبوو ، چەندی پوڵو پارە و چەکو تەقەمەنی و جبەخانەی پێبوو، تەنیا ئەوە نەبێ دەقالبی فەقێیایەتی داو بە دەستی بەتاڵەوە ویستویەتی خۆی بگەێنێتەوە هەڤاڵەکانی. با لێرەدا باسێکی زۆر گرینگ لەبارەی شەڕێکی ساڵی ١٩٦٣ی ز بگێرمەوە کە من بۆخۆم دەرسێکی زۆرم بۆ ژیانی ڕابردووم لەو مەسەلەیە وەرگرتووە، عەریف یاسین هەبوو پیاوێکی زۆر قارەمان بوو لە سپیلکی سەرخان توشی شەڕێکی زۆر قورس هاتبوو،لە شەڕەکەدا دەستی زۆر باشیان


وەشاندبوو زۆریشیان سەربازو ئەفسەر بە دیل گرتبوون، بەرقیە بۆ بارزانی دەکاو دەڵێ ئێمە لەو شەڕە سەرکەوتوین و زۆرمان لێ کوشتوون و لە ئێمەش چەندشەهیدێک هەیەو ئێستاش ئەوانەی گرتومانن لولەی تفەنگەکانیان بۆنی ئەو باڕوتەی هەر لێدێ کە پێشمەرگەیان پێ شەهید کردوە و نە زیندانمان هەیە و نە ئیمکانی ژیانی ئەوانەمان هەیە ئێمە ئەوانە بکوژین یا چیان لێبکەین، لەوەڵامدا بارزانی دەڵێ کاکی خۆم یاسین ئەگەر ئێمە ئینسانە خەراپەکان بکوژین و دوژمنیش ئینسانە باشەکان بکوژێ ئێراق کەسی تێدا نامێنێ و ئازادیان کە. پرسیاری من لێرەدا هەم بۆ بارزانی و هەم بۆ کۆمەڵانی خەڵک ئەوەیە ئایا شەهیدان ئەحمەد تۆفیق و فایەق کە سەردەمانێک گۆچانی دەستت بون لە ڕۆژە سەختەکاندا و یەک کوڕی خۆت بە دەوورتەوە نەبوون کە ئەوان خواردن و خۆراک و خەوو ئیسراحەتیان لەخۆیان حەرام کردبوو ، بە بۆچوونی تۆوە وەک بابی کوردان و بەڕێوەبەری شۆڕشی کورد فایق و خەلیل شەوباش قیمەتی ئەو ئەفسەر و سەربازە عەرەبانەیان نەبوو، کە پێشمەرگەشیان شەهید کردبوو ئازادت کردن، یان شەهید ئەحمەد تۆفیق هیچ شتێک مابوو بۆت نەکات، کەچی ئەوەش وەڵامەکەی بوو کە بە سەرتان هێنا و ئاخرەکەشی لەوێش هەر لەسەر پەیوەندی گرتن بە ئێوە تووشی ئەو شێوە شەهیدبوونە بوو کە هەتا نەفەسی هات هەر جنێوی بە صدام حسین و بە بەعس دا لەسەر ئەوەی ئامادە نەبوو قسەی ناشایستە بە بارزانی بڵێت.



شەهید ئەحمەد تۆفیق و نەمر بارزانی
*********************************************

با ئەوەش واز لێبێنین و بگەڕێینەوە بۆ گەڕانەوەیان دوای ئەو هەموو شەهیدو ماڵ وێرانیە کە بە سەرمان هات، ئەدی لە ڕێگای کاک هەژارو کاک ئەمیری قازیەوە ڕەزامەندی وەرنەگیرا بۆ ئەوەی ئەوانەی ماون بیانهێننەوە ناو شۆڕش و دەناو هێزەکاندا بە شێوەیەکی نەهێنی بیانشارننەوە لە ڕێگای نەمر سەید ڕەسوڵی ورچان و بەڕێنوێنی منوو شەهید سەید ڕەسوڵی بابی گەورە دەستکرا بە هێنانەوەیان، تەنیا ئەوانەی لە هێزی کاوە وەک شەهید ڕێبوارو چەند کەسێک نەبێ کە پێشتریش هەرلای کاک حەسۆ میرخان ژاژۆکی بوون گیانیان پارێزراو بوو ئەوانی دیکە لەلای هێزی

دەشتی هەولێر دەست نەکرا بە گرتن و ڕادەستکردنەوەیان، نمونەش سالح لاجانی و سولێمانی کەرقەشان و زۆری دیکە




کە لە پادگانی جەڵدیان ئیعدامیان کردن و پاشان بە ناچاری پەنایان بۆ بەکرەجۆ بردو لەوێش لە ڕێگای عەبدولوەهاب ئەتروشی یەوە قادر شەریف لە مزگەوتێکی سلێمانیدا بەهۆی بەکرێگراوێکەوە بە ناوی لیچە شەهید کرا. لەو کاتو زەمانەدا ئەمن وەک کەسێکی بەدایم لەژێر چاوەدێری و مراقەبەدا جگە لە خەڵکە باشوو بە ئەمەگەکە پیاوەتیم دەناو شۆڕشدا بەرانبەر بە خۆمان لە پێنج شەش کەسدا دیت. یەکەم کەس

دۆستی زۆر خۆشەویستم کاک ڕەسوڵ مامەندی نەمر بوو



نەمران مام جەلال و رەسول مامەند

**************************************** بەرپرسی ناوچەی قەڵادزە بوو نە ڕێگایدا یەک کەسی ئێمە بێحورمەتی پێبکرێ نە یەک ڕۆژ هەڵوێستی دۆستانەی خۆی بەرانبەر بە ئێمە گۆڕی بەڵکو زۆریشی یارمەتی کردین، دووهەم کەس کاک حەسۆ میرخان ژاژۆکی بوو کە بەبەردەوام فشاری وەک توڕەبوون و گرتنو زۆرشتی دیکەی لەسەر برادەرانمان هەبوو بەڵام لە دڵەوە قەت ئامادە نەبوو کەس لە ئێمە لووتی لە خوێن بێت، سێیەم کەس کاک موحسین دزەیی بوو وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی هاتبوو بۆ ناوچەی قەڵادزە و لە ڕێگای کاک ڕەسوڵ مامەندەوە چاومان پێکەوت لەگەڵ نەمر کاک کەریم حەداد



بەڕێز کاک موحسین دزەیی
*******************************

کەچوین کاک شێخ محەمەد هەرسینی لەگەڵ بوو
کاتێک دەردی دڵی خۆمان کرد کاک موحسین زۆر بە دڵسۆزی و میهرەبانی کووتی هەرچی لەگەڵمان کردن هەمووی هەڵە بوو لێرە بەدوا بە کاک ڕەسوڵ مامەندی کوت زۆریان ڕێز لێ بگرن و نابێ هیچ گیروگرفتێکیان بۆ پێکبێنن دیارە کاک شێخ محەمەدیش چەند قسەیەکی زۆر باشی بە قازانجی ئێمە کرد، چوارەم کەس کاک دوکتور محمود عوسمان بوو کە لە هەموو کاتەکان باشترین دۆستی ناو شۆڕشی باشوری کوردستانمان بوو



ڕەسول پێشنمار و د. محمود عوسمان لەندەن
******************************************

جگە لەوەش ئەمن پێم وایە لەناو ڕێبەرایەتی پارتیدا دوکتور مەحمود سەیدا صاڵح یوسفی بۆ باشی و هەڵوێستی ئازایانە وەک قامکی دەست حیسابیان بۆدەکرا، جگە لەوانەش کادرو پێشمەرگەو ئینسانی نیزامی یەکجار زۆریان هەبوون کەلەهەموو حاڵەتەکاندا ڕێزی ئێمەیان دەگرت. لەهەموو ئەو ماوەیەدا جگە لە حیزبی شوعی ئێراقی کە بەگوێرەی ئیمکانی خۆیان یارمەتی مەعنەوی و ڕاگەیاندنی ئێمەیان دەکرد. ئێمە ٣ دۆستی بەناوو دەنگی کوردستانی باشورمان هەبوو کە هەرسێکیان دۆستی زۆر خۆشەویستی من بوون وەک حاجی مەحمود ئاغای هێرۆ و جەنابی شێخ لەتیفی کوڕی مەلیکی کوردستان و هەباسی مامەند ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆییان، هەرسێکی ئەو پیاوە خزمەتگوزارانە کەوتنە بەرغەزەبو توڕەیی بارزانی. نەمر حاجی محمود ئاغای هێرۆ هەروەک لە کتێبەکەم ئیشارەم پێ کردوە بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی لێدەکردینو تەنانەت چەند جار هەر پێشمەرگەشی خستە

ئیختیارمانەوەو یەکەم نامە ئەو بۆ شێخ لەتیفی نوسی لەسەر برینداری شەهید عەبدوڵای موعینی و پێشنیاری ئەویش بوو ئێمە پەنامان بۆ شێخ لەتیف برد.




نەمر حاجی محمود ئاغای هێرۆ و ڕەسول پێشنماز
********************************************

دەنا ئەوکات هیچ کام لە ئێمە ئەو جەنابەمان (نەمر شێخ لەتیف) لە نزیکەوە نەدەناسی، بەڵام بەو دوو مانگەی کە میوانی بووم و شەوو ڕۆژ باسوخواسی سیاسی و جەفەنگ و هەموو جورە شتێکمان دەهێنا بەر باسوو لێکۆڵینەوە وا هۆگرم ببو ئەگەر قبوڵم کردبا نەیدەهێشت بەهیچ لایەکدا بڕۆم و گوندێکی بەهەموو شتێکەوە نا دە ئیختیارمەوە، هەروەک مانگێک پێش لەداوکەوتنی شەهید سولێمان لە سیتەک ڕا نامەیەکی بۆ قەڵادزە بۆ نوسیووم و لە کتێبەکەمدا هەیە کە دەڵێ مەلا ڕەسوڵ دەپێشدا چاوە ڕەشە گەشە جوانەکانت ماچ دەکەم. کاک عەباس ئاغا یەکەم جار من ساڵی ١٩٦٣ ئەوکاتەی لەبارزان و چیای برادۆست ڕا گەڕابوینەوەو نیازی دانانی بنکەی سونێمان هەبوو، بە پێنگان و دۆڵەرەقەو دیری دا هاتینە خوارێ و لەو ناوە لە ناو ڕەشماڵەکان و کەپرەکان، شەهید سولێمانی موعینی تاقیبی هەباس ئاغای کردو دوای دوو ڕۆژ دۆزیمانەوەو چەند شەووڕۆژێک لەگەڵ ئەو شەکرە پیاوە بەیەکەوە بوین .
ئیتر لەو کاتڕاو هەتا هێنانە خواری برادەرانی ئێمە لە سنورەکان و جێگیربوونی کاک سولێمان بەخۆیی و بە ٣٥ پێشمەرگەوە لە دیری لەژێر چاوەدێری هەباس ئاغادا هەتا

کاتی گیان سپاردنی ئەو دۆستایەتیەمان هەر بەردەوام بوو، هەر ئەو جوانمێری هەباس ئاغا و پیاوەتیانە بەرانبەر بە ئێمەو بە زۆر بەشی دیکەی سیاسی وەک حیزبی شوعی ئێراق و تاقمی مەکتەبی سیاسی کۆن پەنادانی هەڤاڵانمان شەهید سولێمانی موعینی و زۆری دیکە وای کردوە کە ئێستاش ئەمن لەگەڵ ئەو بنەماڵە گەورەیەی کوردستان نزیکترین و گەرموگوڕترین پەیوەندیم هەیە بەتایبەتی لەگەڵ کاک ئاکۆی کوڕی و حاجی کوردۆی برای و ماڵومنداڵیان.



عەباس ئاغای مامەند ئاغای سەرکەپکان

*******************************************

حاجی ئاغای هێرۆ دوای فەوتیشی لەگەڵ هەردوک کوڕەکەی و ماڵومنداڵیان پەیوەندی بەردەوامم هەیە، بنەماڵەی شێخ لەتیف هەتا ئیمکانم کرابێ جاروبارە چاوم پێیان کەوتوەو بە تایبەتی مەهاباد خانمی کچی کە چەند جارێک یەکترمان دیوە و

کتێبیشمان بە دیاری داوە بە یەکتر. کاک شێخ مەحمودی کوڕی شێخ کاوە هەر بەهۆی ئەو هەموو خۆشەویستیەی کەلەکاتی خۆی ئەوان بۆ ئێمەیان هەبوو چەند جارێک دیتوومەو لەگەڵ کاک ئاکۆی هەباس ئاغا سەردانیشم کردوە.

**گەڕانەوەمان بۆ ڕۆژهەڵات**

بەدوای هەموو ئەو بەسەرهاتانەی باسم کردن. ئێمە دوای ساڵەها مانەوەمان لە باشوری کوردستان و هەندەران، دوای سەرکەوتنی گەلانی ئێران بەسەر شای گۆڕبەگۆڕدا لەگەڵ کۆنەدۆستان گەڕاینەوە زێدی خۆمان ڕۆژهەلاتی کوردستان.




پاش شەڕی بەسەرداسەپاوی ٣مانگە و چەند مانگ وتووێژ دووبارە شەڕمان بەسەردا سەپایەوە. لە شنۆ خەڵک خۆنیشاندانی کرد جا چ لە دژی ڕژیم بووبێ یا هەرچیەکی دیکە، چەکدارانی بارزانی چۆن چاویان بەراییدا حەوت هەشت لە خۆپێشاندەران شەهید بکەن ، بە بەهانەی گەڕانەوە بۆ باشوری کوردستان ، چەند بەشێوەیەکی ناعادڵانە و خۆفرۆشانە وەپێش پاسدارو سەربازی ڕژێمی جمهوری ئاخوندی کەوتن لە جادەی سەردەشت پیرانشەر بە بەهانەی دەرهێنانەوەی جەنازەی نەمر بارزانیەوە کە سیناریۆیەک بوو بۆخۆیان سازیان کردوو، مەسەلەکەشیان خستە سەر شانی کەسێک کە نزیکترین لاینگرو دۆستی لەمێژینەی خۆیان بوو وەک شەهید کاک سەید ڕەسوڵی بابی گەورە (دیهقان)



شەهید سەید ڕەسولی بابی گەورە(دیهقان)
**********************************

کەهەر بەدەستی ئەوان و جاشەکانی سەربەخۆیان شەهید کرا. لە ڕێگای پیرانشار سەردەشتەوە ئەو هەموو پێشمەرگە کە لە هەردوو لاڕا شەهید کران کە هۆباڵەکەی لەئەستۆی قیادە موەقەتەیە. هەرکەس کتێبی فاتح ڕەسوڵی بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە ئەو ئینسانە چەند بەجوانی باسی ئەو ڕووداوانە دەکاو بەتەواوی حەق دەدا بە حیزبی دیموکرات وە قیادەی موەقەت بە خەتابار دەزانێ. چونکە بۆخۆی لەتەواوی دانیشتنەکان حزوری بووە. لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە یەک هەڵەی مێژوویی هەیە کەبەهیچ جور حاشای لێناکرێ ئەویش لە دانیشتنی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد کە بڕیاری مادەی هەشتیان داوە بۆ دەرکردنی قیادەی مووەقەت یا کوردانی باشوور، دیارە پێشنیارەکە ئی کۆمەڵەو نەمر مامۆستا مەلا شێخ عیزەدین و چریکەکان بوە بەڵام بەداخەوە شەهید دوکتور قاسملوغروری هەبوە و هیچ مخالەفەتی نەکردوە کە پاشان کومیتەی ناوەندی ڕەخنەی لێگرتو هەر زوو حیزبی دیموکرات لەژێر ئەو بڕیارە خۆی دەرباز کرد.

**چۆن بیر دەکەمەوە**

ئەمن زۆر جاری دیکەم باس کردوە لە ژیانمدا کینەو تورەییم لەهیچ حیزبێکی کوردستان نیە چونکە میللەتەکەی خۆم بەهەموو بەشەکانیەوە خۆش دەوێ و ئەندامی ئەو حیزبانەش هەر لەناو ئەو میللەتە هەڵقوڵاون، تەنیا و تەنیا مەبەستی من ئەوەیە بۆ مێژوو کەڵک وەربگیرێ و جارێکی دیکە تیکرار نەکرێنەوە، لایەنگری یەک لایانەش

بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی بە هەڵەیەکی زۆر گەورە دەزانم و ئەوە کاری ئێمە نیە، بۆ لایەنێک شتی نارەواو هەڵبەستراو بەلایەنێکی دیکە بڵێین، لێیانگەڕێین با بۆخۆیان حیسابی خۆیان لەگەڵ یەکتر ساغ کەنەوە. لە لایکی دیکەشەوە ئەو ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان پارتی و مەکتەبی سیاسی کۆن و تاڕادەیک حیزبی شیوعی ئێراقی دایە لە ساڵی ١٩٦٢ بگرە زوتریش سەری هەڵداوەو من لە نزیکەوە ئاگادارم، کوا کاری ئێمەیە خۆمانی پێ سەرقاڵ کەین، هەرچەندە لە هەوەڵەوە سەرچاوەکەی لەلای بارزانیەوە لە هەژاری موکریانی و شەهید ئەحمەد تۆفیقەوەڕا دەستی پێکرد، لەلای مەکتەبی سیاسی کۆنیشەوە لەلایەن شەهید قادر شەریف و چەند کەسێکەوە دەستی پێکرد. ئێستاش هەر لەلایەن چەند کەسێکی خۆمانەوە دەرسیان لە مێژوو وەرنەگرتوە و بەشێوەیکی زۆر خراپتر لەوان خۆیان بەو ناکۆکیە ئاڵۆزانەیانەوە سەرقاڵ کردوە. دەنا ئەمن وەک کەسێکی نێزیک لە نەمران مام جەلال و کاک نەوشیروانەوە زیاتر لە ١٨ ساڵە وەک میوان گەڕاومەوە کوردستان و لە نزیکەوە ئاگام لە زۆر کارو کردەوەیان هەیە، مەگەر لەسەر هەر کارێک کە بەلامەوە شیاوو نەبوبێ ڕەخنەم گرتبێ دەنا خۆم بە کێشەو دوو بەرەکی وانەوە سەرقاڵ نەکردوەو نەزەرو بۆچونی خۆشم بە ڕاشکاوی ڕاگەیاندوە. هەروەک لەو نوسراوەشم دا ڕەنگدەداتەوە بۆ نمونە ئەو باسانەی پێشوترم زۆرتری گلەو گازەندەو ڕەخنەکانم ڕوویان لە پارتی دێموکراتی کوردستان بوە، بەڵام لێرەدا ئەوە ڕوون دەکەمەوە یەکەم گیرانی برادەرانی ئێمە شەهید سولێمانی موعێنی، قادر شەریف، سەید جەمیل مەردوخ و چەند کەسێکی دیکە ساڵی ١٩٦١ لە لایەن مەکتەبی سیاسی کۆنەوە بۆ مەڵبەندی ماوەتان کە ئەوکات ئەوان پێوەندیان بە ڕژیمی ئێرانەوە هەبوو ئەگەر بارزانی لە چیای شیرن ڕا چەند کەسێکی تایبەتی خۆی نەناردبا لەوانەبوو هەر ئەوکات ڕادەست بکرێنەوە، یان لە ساڵەکانی ١٩٨٨ بەدواوە لەگەڵ ئەوەی برادەرانی حیزبی دێموکرات بە تێگرایی لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی یەکیەتی نیشتیمانی دابون و زۆریش دۆست و لایەنگریان بوون کەچی لە ژێر چاوەدێری وانو لە بن دەستی واندا زیاتر لە دوو سەد کەسیان لێ کوژرا و ڕادەست کرانەوە، یان ڕادیۆ دەنگی کوردستان کە لانیکەم دەنگی چەند ملیۆن کورد بوو بە بڕیاری یەکیەتی نیشتیمانی پێیان داخرا. یان لەبەر چاوی ئەوانەوە هێزێکی زۆری پاسدارو بەسیج و ئەرتەشی هاتونە سەر بنکەو بارەگاکانی کۆیە و ئەو هەموو بۆمباباران و تەقەمەنیەیان بەسەردا باراندن و ماشێنی بە قەفەزیان هێنابوون کە بە یەخسیرو گیراوەیی بیانبەنەوە. بەلام با ئەوەش بۆ مێژوو بڵێم شەخسی ڕەحمەتی مام جەلال بەهۆی کەسێکی نێزیکی منەوە ئاگاداری کردبون و گوتبوی ئێمە بەداخەوە هیچ دەسەلاتمان نیەو ئاگاتان لەخۆتان بێ. ئاخر وتەم ئەوەیە هەمووی ئەو


غەدرو بەسەرهاتانە تیکرار نەبنەوەو بۆ ئێستای باشوری کوردستان داوای تەبایی و یەکڕیزی دەکەم.



ئەم وێنەیە لە سلێمانی لە ماڵی جەلال تاڵەبانی لە دەباشان گیراوە.

چونکە هەموو کورد چاوی بڕیوەتە ئەوان. هەتا ئێستاس کە داوای ڕەوای گەلی کورد خراوەتە پشت گوێ هەر لەسەر ئەو ناکۆکی و دووبەرەکیانە بوە کە لە ناوخۆدا هەیانەو لەجیاتی چارەسەری ناکۆکیەکانیان بەدوای کۆنگرەی تازەی یەکیەتی دا کێشەکانیان قوڵتر بوونەوە بەداخەوە.

**ڕەخنە لە خۆم**



من که له زۆر جێگای نوسینەکانمدا زۆرم به باشه و کەمێکیش به نا باشه باسی هەڤاڵەکانم کردوه له زۆر جێگادا ئەوانەی نەماون خۆم له کەموو کوڕیەکانیان بواردوه...

بۆخۆشم ڕەنگه له هەموو هەڤاڵەکانم ڕەخنەم زۆرتر لەسەر بێ بەتایبەتی یەگجار زۆر توونده تیژو گوێ نەبیس بووم، زیاتر بەرانبەر به بەرپرسه یەکەمەکان وەک شەهیدان

ئەحمەد تۆفیق و د. قاسملوو وە نەمر کاک کەریم حیسامی. شاهیدی زیندوشم دوو کەسن کە نزیکترین کەس لە خۆمن کە بەردەوام ڕاوێژیان لەگەڵ دەکردم بەڵام چونکە پێموابوو من لەسەر حەقم کەم لەگەڵیان هاوڕا بووم، ئەوانەش کاک حەسەن ڕەستگاری براو ئامۆزام وە مامۆستا مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە دۆست و هاوڕێ و خزمیشمە. ئێستا هەست بەوە دەکەم  کە نەدەبوا ئەمن بەرانبەر بە شەهیدان ئەحمەد تۆفیق د. قاسملوو هێندە توندڕەو بام، وەک ڕاستی و ڕاشکاوانە دەیسەلمێنم کە لە داخی ئینسانە ماستاوچیەکان و نۆکەر سیفەتەکان وام دەکرد.

**دوا وتەم**



دوا وتەم ئەوەیە با ئینسانە لێزان و خاوەن هەڵوێستەکان بەوردی لەسەر ئەو نوسراوەی من هەڵسەنگاندن بکەن داخوا ئێمە لە غەیری ئەوەی کە خۆمان لە ڕادەست کردنەوە و کوشتن و بێ سەروو شوێن کردن پاراستبێ و بە مەجبوری ڕوومان دەناو

خەڵکی خۆمان و وڵاتی خۆمان کردبێتەوە چیتر؟؟ دەبوایە چی ترمان کردبا؟ ئایا ئەوە ڕەوایە ئەوان بە هاوکاری ژاندارم و ئەرتەش بێنە سەر ئێمە و شەڕمان پێ بفرۆشن؟ لە حاڵێکدا ئێمە ساڵەهای ساڵ هاوکارو پشتیوانی وان بوین و بۆ هەموو شتێک لەزاری خۆمان دەگێڕاوە دەماندا بە ئەوان. ئەوە گریمان قسەی ئەوان ڕاست بوو ئێمە هاتوینەوە لە ناو جەرگەی وڵاتی خۆماندا شۆڕش هەڵگریسێنین کە واش نەبوە، بۆ ئەوان دەبێ ببنە داردەستی دوژمن و شەڕ بە ئێمە بفرۆشن؟؟ ئەمن بەڕاشکاوی و بێ پەروا زۆر مەوزوعی کە ئەوان بە دەستی دووژمن و داگیرکەران بەسەر ئێمەیان هێناوە ڕوونم کردنەوە با ئەوان دوو نمونە لەسەر ئێمە بێننەوە کە بەرانبەر ئەوان ئەنجاممان دابێ.


**کۆتایی**

پێم خۆشە لە کۆتایی نوسینەکەمدا هێندێک شت ڕوون کەمەوە، بە تایبەتی زۆر لایەن وایان نواندوە ئەو جوڵانەوە بە دەستی حیزبی توده یا سازمانی ئینقلابی حیزبی تودەی لەپشت بووە یان بەشێک لە کۆمەڵەکان و چریکەکان هێندێک لە شەهیدەکانمان لە باری فکریەوە دەخەنە سەر خۆیان. لە سەرەتای بەهانەپێگرتنمانەوە هەتا شەش حەوت مانگ دواترو هەتا دوای شەڕی بەناوبانگی سپی سەنگیش هیچ کەس لە برادەرانی ئێمە چکۆلەترین پەیوەندیەکیان نە بە حیزبی توده وە هەبوە نە سازمانی ئینقلابی حیزبی توده لەوناوە هەر وجودی هەبوە. لە بەکرەجۆش تەنیا شەهید قادر شەریف وە چەند برادەرێکی کوردی





شەهید قادر شەریف
********************************************
ڕۆژهەڵاتی لێبوون کە هیچ پەیوەندیەکیان بە حیزبی دیموکڕاتەوە نەمابوو، بەهۆی ئەوەی کە لەئاخری ساڵی ١٩٦٥بە بڕیاری حیزب منو شەهید مەلا ئاوارەو نەمران مامەندی قازی و مونتەقیمی قازی و کاک حەسەنی ڕەستگار لە گوندی ورچەک چەکمان کردبوون و هێنابومانەوە گوندی سونێ بۆ چەند مانگ دواتر بەخۆیو بە فەقێ ڕەسوڵی زێوەیی و نەفەرێکی دیکەوە لە گوندی هەڵشۆڕا هەڵات بۆ قەڵادزەو لەوێشڕا بە هێلیکۆپتەری حکومەتی ئێراق بردیان بۆ بەکرەجۆ لای برادەرانی مەکتەبی سیاسی. لەسەرەتای ١٩٦٧ی ز و دوای شەڕی سپی سەنگوو هێنانی شەهید عەبدوڵای موعینی

بۆ داری کەلی لای شێخ لەتیفی حەفید هیچ خەبەرێک لە سازمانی ئینقیلابی حیزبی توده نەبوە تەنانەت دوای پێنج شەش مانگ نەمر محەمەد ئەمین سیراجی و شەهید سمایلی شەریفزاده لەترسی ڕادەست کردنەوە هەڵاتوون بۆ ناوخۆی وڵات و لای برادەران. لە وتووویژێک کە دوکتور کوروشی لاشای ( جەلال) کردویەتی لە کتێبی (سازمانی ئینقلابی و کوردستان)



کورش لاشایی بە جلو بەرگی کوردییەوە،
پێش گیرانی لاشایی ئەم وێنەیە بە
بەربڵاوی لە ڕۆژنامەکان دا بڵاو کرایەوە

که کاک حەسەنی قازی وەریگراوەتەوە سەر کوردی ئەوان لە ئاخرەکانی ساڵی ١٩٦٧ دا لە ڕێگای مام جەلال تاڵەبانیوە کە ئەوکات بۆچوونی مائۆییان هەبوە چەند کەسی وەک برایانی کەشکوڵی بە ناوەکانی عەتا و ئیروج و عەلی سادقی و سیامەکی موئەیدزادە و سیاوەشی پارسا نژادو  خوسرەو سەفایی و موحسین خاتەمی هاتونە بەکرەجۆ و ویستویانە لە ڕێگای برادەرانی ئێمەوە بتوانن خۆیان بناسێنن و کارێکی شۆڕشگێڕانە بکەن، تەنانەت لە ووتوێژەکانی خۆشیانڕا وا بەرچاو دەکەوێ هەر ناسیاوی باشیشیان لە سەر برادەرانی ئێمە نیە، بۆ وێنە



مێهدی خانبابا تێهرانی  لە تاراوگەی ئەڵمان

وێنە: لە کتێبی سازمانی ئینقلابی و کوردستان لە وەرگێرانی کاک حەسەن قازی
*******************************************

میهدی خان بابان لە چەند جێگا دەڵێ شەهید مەلا ئاوارە لە دانیشگای تەوریز حقوقی تەواو کرد هەموو جارەکان کاک حەسەنی قازی بۆی ڕاست دەکاتەوەو دەڵێ ڕەنگە مەبەستی کاک حەمەدەمینی سیراجی بێ، لەزۆر جێگای دیکەش تێکەڵ پێکەڵی دەکەن بەڵام دیسان هەر کاک حەسەن بۆ یان ڕاست دەکاتەوە. حیزبی تودەش تۆزێک پێش شەهید بوونی مەلا ئاوارەو سمایلی شەریفزادە کە لە بەهارو پایزی ١٩٦٨ دا شەهید بوون لە ڕێگای شەهید دوکتور قاسملوو وە نەمر کاک کەریم حیسامیەوە ویستویانە پەیوەندیان پێوە بگرن دەنا ئەو جوڵانەوەیە بەتەواوی مەعناوە پەیوەندی بە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتەوە هەبوو لەژێر هەژموونی هیچ تەشکیلاتێکێکی چەپدا نەبووە، نمونەش مەلا حەسەنی شیوەسەڵی، مەلا عەبدولخالق ناسراو بە سیروان، مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە، مەلا سەدیق (ڕەسوڵ) محمود قازانی ، فەتاح باساوەی، مەلا بابیز(کەماڵ) مام وەستا هێمن، مەلا خدرعەباسی سارتکە، مەلا برایمی فیردەوسی، عوسمان عەزیزیان، مەلا عەزیز ئەحمەدی، کەریم نەستانی، ئەحمەد نەستانی، عەبدول نەستانی، قادر نەستانی، ڕەحیم کەپەکەندی، نەمران مەلا برایمی دۆڵەگەرمی، مەلا خدر دۆڵەگەرمی، مەلا ڕەحمان فاتحی، مەلا ڕەسوڵ نەوزاد، مەلا محەمەدی شەل ، مەلا محەمەدی زوودی، شەهیدەکان برایانی موعینی ، شەریفزادە ، ئاوارە، زەنگەنە ، مینەشەم، سەید فەتاح و فەقێ عەلی وەرگێلێ، پیرۆت، عەلیە گەلە، دەروێش عوسمان، فەقێ ڕەسوڵ پیرەباب، ڕێبوار، صالح لاجانی ، سولێمان کەرقەشان، حاجیلە و حوسێن خاتوون، نەحۆی شکاک( باپیر) ناجی ، رەزا ، مەلا سمایل، فیروز، قادر شەریف، کاوە ماراغانی(حوسێن) دڵشادی ڕەسوڵی ئەندامی کۆمەڵەی ژ-ک بوە هەمووی ئەوانە بە شەهید و زیندوە کانەوە سەر بە حیزبی دیموکرات بوون و هیچ سازمانێک بۆی نیە ئەوانە بکا بە مڵکی خۆی. هەرچەند بە داخێکی گرانەوە حیزبی دیموکرات لەبەر دووبەرەکی و چەند بەرەکیو بەرچاوتەنگی هێندێک لە هەڤاڵانی بەرپرس قەتی خۆ لە ڕوون کردنەوەی ئەو بابەتە گرینگانە نەداو زۆرتر هەر خەریکی دەبنهەڵگرتنی ئینسانی ماستاوچیوو بودەڵە بوون. هێندێک لە بەرپرسانی خاوەن دەستەڵات زراویان چوبوو لە ئینسانی خاوەن نەزەر و فیداکارو خۆبەخش، بەهۆی بەرژەوەندی کاتی نەیانتوانی و نەیانوێرا خۆیان لەو هەموو شەهیدە و لەو جوڵانەوەیە گرینگە بدەن، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەدەستی بەڕێوەبەرانی شۆڕشی باشوری کوردستانەوە شەهید کران یا ڕادەست کرانەوە یان قارەمانێکی کەم وێنەی وەک شەهید عەبدوڵای ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق کە لە دەورانی نازم گزار و بە پیلانی دەستگای ئەمنیەتی ئەو کاتی لە ژێر شکەنجەدا گیانی لەدەست دا، سازمان و خەڵکی دیکە خۆیان لە شەهیدەکانمان کردووە بە خاوەن، بەڵام حیزبەکەمان لەوبارەوە ماتەی هەڵگرتووە و لۆکەی لێ دەگوێ ئاخنیوە. بەڵام ئەوەی ئەمن

هێناومەتە بەرباسو لێکۆڵینەوە ڕاستیو دروستی ئەو ڕووداوانەیە کە لەنزیکەوە ئاگاداریان بووم. بێگوومان کەموو کوڕی زۆریشی هەیە، بەشی زۆری مەبەستی من جگە لە باری مێژوویەکەی بەرپەرچ دانەوەی ئەو لایەنو کەسانەیە کە بەهەر شێوەیەک و بەهەر مەبەستێک بوختان و شتی ناڕاست و دوور لەڕاستی بەو جوڵانەوە گرینگەوە دەلکێنن، هەرچی بۆم کراوە و وەدەستم کەوتوە وێنەو دەستنوس و بەڵگەنامەکانم لێرەدا گونجاندووە ئەگەر کەسانێکیش هەن و زیندون و ئاگاداری بابەتی واهەن کە ئەمن باسم نەکردبێ زۆریان لێ مەمنون دەبم بڵاوی کەنەوەو بابەتەکە دەوڵەمەندتر بکەن.......... بە سوپاسەوە

مەلا ڕەسوڵ پێشنماز.

**بەڵگە نامەکان**

نامەی شەهید ئەحمەد تۆفیق بۆ من

٩٦٩/١/٦

کاک مەلا ڕەسول برای عەزیز

لەگەڵ

سلاوی برایانە لەحواڵتان دەپرسم وهەروەها حاڵ و احوالی دایکت
وماڵ و منداڵەکانت دەپرسم .

برای عەزیز نووسراوی چوار لاپەڕەی شێوەم بەدەست گەیشت
بەبێ تاریخ و بێ ناو و ئیمزا ئەشتان بەڵام دیارەمن لەخوێندنەوە
دا گەیشتم کە نووسراوی شێوەیە .

بەڵێ برای هەموو بنەم ئەوە لەناودڵی من چەسپیوە و باوەڕ پێ
دەکەم کە خاوەن غیرەو زۆر تو غرو دژمنی نی بەڵکو هەستی برایانە
و محبتی پاکی کوردانەت هەیە ئەوەی کردڵشت برام من
تەشیانەقلی دەکەم ئەت توانی دعوە ببینی و من حملی سەر
غیرەزۆر ..... ناکەم زۆرش هەر ئەوەیە بوو بارەم وەلێ
بکە ئێستا کە دەبینم ولەزاری خۆتان دەبیستم کە بەتەواوی واژیلە
پاشەڕوی هەنگاو سروشانە دەنێن لە سەری خۆیان وزوری علاجی تر
لوو مەبەستێکی منداڵانەی قائدلوون و جاه طلبی بێ مسطلح
بێ مشورەت بێ مەیدان بێ تەوافقی نزیکترین هەڤاڵی حزبی
و دۆستی بە ساڵ بە شێوەی گمرەولی نەشە خۆیان و هەندێ
لادێی ساویلکەی هەڵخەڵەتاندیان خستەناو زنجاوی شۆڕشێکی
خۆ تێرەین .

بەڵێ ئەوانە بوونە مایەی عەزابی وێژدانی و خوێنی خوراپی شیە بوونە
حاڵەی کە وا ئێستا دەبینی وەک مەرەزی بەردەوام دەدە دەبیتو
تەسلیم بە قەسابی باشی هەشوی قولیان دەکەنەوە .

حبونی قائدی وپاڵەوانبازی فاتیقی بەجورێکی سەرخۆشی
کردبوو کە هیچ نصیحەت وەری نەگرتی. ئەوەی وەنەهەر قەلانی ترەیچ فایدەی
نەبوو .

هەروەکی هیچ محاوەلەو داوا وپاڕانەوەش ناتوانی
بە رلوەبەرانی شۆڕش لەو کردەوەنا شیرینە وازلێ بێنی
کە تەسلیم کردنەوەی کوڕێد بە جەندرمەکانی شای نەمعقول
ونەقانونە و نەجوامێرانەیە ..... خۆتان بیان کوژن هەروەک
، جلالی و ٦٦ شان دەکوژن ئەوانەش خۆیان بکوژن
باشترە لەتەسلیم کردنەوە

بەڵام هەی هات ئەبوو فاتیق دەنگمان گەیشتە گوێی وەنە
لوێنەو ڕایانەی بەرلوەبەر .

بانزانین ئەو هەمسەو سەرکێشە لەچ قۆناغێک ڕادەوەستی
وچ گێلی زەمانە وچ وەخت لەگەرەی حەقی خوازی کوردیەروەری
ئیمە دەشتە دەر وهەروەی ڕەوشی بلاوەتی .

برای عەزیز هیوا ورەجای برایانەم لە تۆ ئەوەیە کە عشق وشەوقی
بەکەمەد کوردایەتی و کوردپەروەری وکوردستان پەرستی تاقەری
ویی بازی دەوا وێژدت ببیت وخۆ لە تەرکەبازی وپاڵەوانگەری ئەوەندەی
دەتوانی دعوە ڕاگرە . تۆهەر برای عەزیزی و برایێکی کوردی، من لە تۆ
زەمانێک تووەبووبم (نەشەمن) لەسەرە هەڵەستی ئوالەگەڵ سروشی لەوچ مادام
ئەوەکی وانت کردووە تۆ هەمان برای عەزیزی .

ئێستا ئاورەی بەخوات دەسپێرم هەرگیز بە سەربەرزی برای کاکەت

٩٦٩/١/٢

کاک مەلا رەسول برای عەزیز

٩٦٩/١/$\frac{٦}{٧}$

لەگەل

سلاوی برایانە احوالتان دەپرسم و هەروەها لە احوالی دایکت و مال و مندالەکەت دەپرسم.

برای عەزیز نوسراوی چوار لاپەری ئیوەم بە دەست گەیشت. بە بی تاریخ و بی ناو ئیمزا (نیشان) بەلام دیارە من لە خویندنەوەدا گیرم خست کە نوسراوی ئیوەیە.


بەلی برای دووربینم ئەمە لە ناو دلی من چەسپە و باوەرت پی دەکەم کە خاوەن غەرەز و بوغز و دوژمنی نی بەلکو هەستی برایەتی و محەبەتی پاکی کوردانەت هەیە ئەوەی کردیشت برام من تەنیا نەقلی دەکەم نەتتوانی دوور بیینی و من حملی سەر غەرەز و ..... ناکەم زوش هەر ئەوە بوو باوەرم و باوەر بکە ئیستا کە دەبینم و لە زاری خوتان دەبیسم کە بە تەواوی واز لە پاشە رۆیی ئەو مروڤانە دینن کە سەری خۆیان و زور عالەمی‌تریان بو مەبەستیکی مندالانەی قائدبوون و جاەطلبی بە بێ مطالعە بە بی مشورەت بە بی مەیدان بە بی توافقی نیزیکترین هەڤالی خۆیان و هیندی لاوی ساویلکەی هەلخەلەتاویان خستە ناو زنجاوی شەرریکی ـ خۆ تررین.

بەلی ئەوانە بوونە مایەی عەزابی ویژدانی و خوین خەراپی ئیمە بو ئەو حالەی کە وا ئیستا دەبینین وەک مەرری پەرروار دە دە و پول پول تەسلیم بە قەساب‌باشی هەتیوی قولیان دەکەنەوە.[128]

جنونی قائدی و پالەوانبازی فایقی بە جوریک سەرخۆش کردبوو کە هیچ نصیحەت و ری‌نوینی نە من و نە هەڤالانی‌تر هیچ فایدەی نەبوو.

هەروەکی هیچ محاولە و داوا و پارانەوەش ناتوانی بەریوەبەرانی شورش لەو کردەوە ناشیرینە واز پی‌لی‌بینی کە تەسلیم‌کردنەوەی کورد بە جەندرمەکانی شای نە معقولە و نە قانونە و نە عەرفە و نە ..... خوتان بیان کوژن هەروەک جاش، جەلالی و ٦٦شان دەکوژن ئەوانەش خۆیان بکوژن باشترە لە تەسلیم‌کردنەوە

[128] ڕەسووڵ پێشنەماز: مەبەست لە «هەتیوی قولی» محەممەد رەزا پەهلەوی‌یە.



بەلام هەیهات نە بو فایق دەنگمان گەیشتە کوی و نە بو ئەو برایانەی بەریوەبەر.

با بزانین ئەو هەسپە سەرکیشە لە چ قوناخیک رادەوەستی و چەنگی زەمانە چ وەخت لە گەروی حەقخواز و کوردپەروەری ئیمە دیتەدەر و هەوری رەش بلا دەبی.

برای عەزیز هیوای و رجای برایانەم لە تۆ ئەمەیە کە عشق و ئەڤین بە کورد و کوردایەتی و کوردپەروەری و کوردستانپەرەستی تاقە ری و ریبازی دواروژت بیت و خۆ لە تەلەکەبازی و پالەوانگەری ئەوەندەی دەتوانی دوور رراگرە. تو هەر برا و عەزیزی و برایەکی کوردی. من لە تو زەمانیک تورە بووم (نە دژمن) لەسەر هەڤالیتی تو لەگەل مروڤی پوچ مادام تەرکی وانت کردووە تو هەمان برای عەزیزی.

ئیتر جاری بە خوات دەسپیرم هەر بژی بە سەربەرزی

براتان کاکەجان[129]

واژۆ

٩٦٩/١/٧

[129] رەسوول پێشنەماز: نازناوی بنەماڵەی ئەحمەد تۆفیق لە بنەڕەتدا «کاکەچان» بوو کە لە کاتی دەرکردنی سجیل لە ئێراندا گۆڕیبوویان بە ئیسحاقی. ئەحمەد تۆفیق لە نامەکانی خۆیدا «کاکەچان»ی بەکار دەبرد.

264

*******************************************نامەی شەهید سولێمان موعێنی

بۆ من

لە پاش سڵاو و هیوادارین ساغی و سەربەرز بن

~~[illegible]~~ بەشکو دایە چاوەڕوانی

بشێن. براکانیان نامەکەت بە هۆی هەیە دەنگ کەلێت

شاد بوین پێشتریش نامەیەکت بۆ مەلا حسن نوسیبو بۆ

هاتن وادیارە هەر سەر کەلە و هەزار سەودا هەر

نەهاتی سیاسیش ئێمە ماوەی ٨ ڕۆژی تر لە سوری

و بەستی دەمێنینەوە ئەگەر ئێمەکان هەیە هەر وەرن جا

لە نزیکیەوە لە دونیا حاڵی دەبی.

ئەوجار مەسئەلەی مەلا ڕەحیم کاکت خۆی بە خۆرایی ئەو ستەرلینگەی

هێناوەتە سەر سەودا دەنا ستەرلینگەکە جێگای چەند

تفەنگی بۆ ئێمە هەبو سیاسیش بە هەر حاڵ ئەوا مەلا ڕەحیم کاکت

ئاوارە هەڵی پیچاوە و ئێمەش لێرە نایەلین وە عەریزەیەک یا

بو خۆت اتهامی بو بکە دەستی کەوتیەوە یا بارمتەی ئەو

ئەگەر تفەنگ یا هەرچی هەیە بیبە تخلیلاجی بکە گوا عزیز بە

ئنگلیزی گوڕیوەتەوە بەم وانیە عزیز بیتەوە دەلی

فکریکی ڕاسا کی بۆ بکەی چونکو ئێمەلی قبول ناکەین کە بۆچی

هیناویتە سەر سەودا لە ئاخر و ئۆخری دا برادەران بەگشتی

سڵاویان هەیە چاوەڕوانین ئەگەر دائیلیت حاڵوتەوە زو سڵاو

لە بێتە چاوی منداڵ هەموو دەکەم

براکت [signature]

١٩٦٦/٤/٢٩

**نامەیەکی سولەیمانی مۆعینی** [هەڵەبڕیی ڕێنووس نەکراوە]

لەپاش سلاو هیوادارین ساغ و سەربەرز بن

حالی هەموو لایەک لە ئەوپەری باشی دایە چاوەروانی باشین. برا گیان نامەکەت بە هوی هەلمەت گەیشت

شاد بوین پیشتریش نامەیەکت بو ملا حسن نوسیبو بو هاتن وا دیارە هەر سەریکە و هەزار سەودا هەر نەهاتی ئیستاش ئیمە ماوەی ٨ روژیتر لە سونی و بەستی دەمینینەوە ئەگەر ئیمکان هەیە هەر وەرە جا لە نیزیکەوە لە دونیا حالی دەبی.

ئەوجار مسئلەی ملا رحیم کاتی خوی بە خورایی ئەو سترلینگەی هێناوەتە سەر سەودا دەنا سترلینگەکە جیگای چەند تفەنگی بو ئیمە هەبوو ئیستاش بە هەر حال ئەوا ملا رحیم کاک ئاوارە هەلی پیچاوە و ئیمەش لیرە نایەلین وە عەرز بکەوی یا بوخوت اقدامی بو بکە دەستی کەویتەوە یا بارمتەی ئەو ئەگەر تفەنگە یا هەرچی هەیە بوی عیلاج بکە گویا عزیز بە انگلیزی گوریوەتەوە پیم وا نیە عزیز بیتەوە دەبی فکریکی اساسی بو بکەی چونکو ئیمە لی قبول ناکەین کە بوچی هیناویتە سەر سەودا لە ئاخر و ئوخری دا برادەران بە گشتی سلاویان هەیە چاوەروانین ئەگەر دایکت هاتوتەوە زور سلاوی بگەیەنە چاوی مندالان ماچ دەکەم

برات فایق ئەمین   واژۆ ١٩٦٦/٤/٢٨



***************************************** نامەی شەهید مەلا ئاوارە بۆ من

برای دڵسۆز و خۆشەویستم کاک مەلا رەسووڵ

پێشەوا و سلاو.

یەکەم جار باشترین ئومێدەوارییە یەکەوە بەباشی

بلم. دەبینم. لێتان بێ ئاگا بێم مایەی

دڵتەنگییە.

لە هەر شوێنێک کاک مەلا حەسەن دەبینم

لەباتی ملە تاج و قەولی بلیسە بەرە چونکە

ئەمە ئەوەی رەونەق کردەوە پیرەژنی هەنگوور

خەتەر دەدە [illegible] رەبیسکەیشی بوونی هەرشاوی

لە دیت!!!

• کاکە گیان نازانیدەم کە چەکە کەسی مەلا

رەحیمتان [illegible] ئالوور گۆڕ کردوە دەبێ چەناغ

هەموو هەر چەند نیلک بە [illegible] ئەگەر ئەم ئامێرا

بعێنا رەووانم کەیەوە چوونکە لەلارە حەیم

تفەنگ کەری ضعف پێ بە و قەلەم بێ چەکم

ئەکەمە چەنا رەنزمیشە لە هەنەوە دەروەرە بوو

نامەی بعە تەووسەی. سلاوم لە عەزیزان

عەزیزم بەرایی دیکە دەکەم.

بە هیوای دیداری. ئاوارە

١٢٤٥/٩/٦

**نامەکەی مەلا ئاوارە [هەڵەبڕیی ڕێنووس نەکراوە]**

برای دلسوز و خوشه ویستم کاکه مەلا رەسول

سیلاوی سلاو.

ئیمه زور باشین ئومیدەوارین ئیوەش باش بن. دەمیکه لیتان بی ئاگاین مایەی دلتەنگی‌یە.

له هەر شوینیک کاک مەلا حەسەن دەبینی له باتی من قاچ و قولی بلیسەوە چونکه ئەوەندەی رونه کەرەی پیرژنه مەنگورر خواردوه ررەپیسکەشی بونی دوشاوی لی دیت !!

کاکه گیان زانیومه که چەکەکەی مەلا رەحیمتان ئالووگورر کردوه دەبی حەتما حەتما هەر چونیک بی به هەلگری نامەدا بومان ررەوانه کەیەوە چونکه مەلا رەحیم تفەنگەکەی خومی پی‌یه و من بی چەکم.

و ئەوە چەن روژیشه له منەوە دووره بویه نامەی بو من نووسی. سلاو له عەزیزی عەزیز و برایانی دیکه دەکەم.

به هیوای دیدارتان.


"ئاوارە"

واژۆ

١٣٤٥/٩/٤

*********************************************

**تێبینی**: دانانی وێنەی زۆر بۆ ئەوەیە کە لاوەکان و نەوەی تازە کە ئاشناییان نیە بەم جولانەوەیە، یارمەتی بێ کە کەسایەتیەکان بناسن و زیاتر ڕۆڵی ئەو هەموو شەهیدە قارەمانانەوئەو ئینسانە تێکۆشەرانە لە ناوو بیرو هزریاندا بەرجەستە بێ.




خۆم لەگەڵ مەلاحەسەنی رستگار کە هەم براو هەم ئامۆزاین، وە لە تەوای دەوران
پێکەوە بوین.

خۆم و عەزیزی برام
١٩٦٣







ئاڵای کۆماری کوردستان لە مەهاباد

*******************************************




١-شەهیدان سولێمان موعێنی ٢-سمایلی شەریفزادە لەگەڵ ٣-مەلاڕەسوڵ نوسەرەی ئەم جولانەوە. وێنەکان لە ستۆدیۆ قەلادزێ گیراوە لەلایەن بەرێز کاک ئاراسی ڕەسام پێشکەشم کراوە کە زۆری سپاس لێ دەکەم بۆ راگرتنی ئەو ئارشیفە بەنرخە.

*******************************************



مەلا ڕەسوڵ نوسەری ئەم دێڕانە
سوئێد وێسترۆس هاوینی 2021